# راپۆرتی سێ مانگەی
# وەزارەتی مافی مرۆڤی
# حكومەتی هەرێمی كوردستان

## چالاكییەكانی نیسان و ئایار و حوزەیران/ ٢٠٠٩

---

## مافی چارەی خۆنووسین داوایەكی رەوای گەلانە .....

## كار بۆ بنبڕكردنی پێشێلكارییەكان دەكەین

## لەم ژمارەیەدا ئەمانە  بخوێننەوە:

- وەزارەتی مافی مرۆڤ رۆڵی هەیە لە بنیاتی رەوشی مافی مرۆڤ لە کوردستان
- دیدار و چاوپێکەوتنەکانی وەزیری مافی مرۆڤ
- بەیاننامەی وەزارەتی مافی مرۆڤ لە مەڕ شەوی تەقەکردن لە هەولێر
- ئاماری توندوتیژی دژی مێینە لە شەش مانگی ڕابردوودا
- بەشی بەندیخانەکان
- بەشی سکاڵا
- بەشی رێکخراوەکان

# وەزارەتی مافی مرۆڤ رۆڵی هەیە لە بنیاتی
# رەوشی مافی مرۆڤ لە کوردستان

ئامادە کردنی راپۆرتی (٣) مانگەی وەزارەت خۆی لە خۆیدا دەبێتە بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگر کە وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوامە لە چڕکردنەوەی هەوڵەکانی بۆ خستنە رووی رەوشەکە و کارکردنی لەسەر بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەکان بۆ بەرچاو روونی ئەو دیاردە و پێشێلکارییانەی دێنە ئاراوە... هەمیشە لە راپۆرتەکانیشدا ئاماژە بەو شوێن و لایەنانە کراوە کە کەموکورتی لە کارەکانیان دەبینرێ و دەبێتە بەشێك لە پێشێلکاری بۆ ئەمانەش رەوشی بەندیخانەکان زۆر بە جیدیانە کاری لەسەر دەکرێ و سەردانی بەردەوامی بۆ دەکرێ و لەم ماوانەشدا خودی وەزیری مافی مرۆڤ بەندیخانەکانی ئاسایش و پۆلیسی هەرێمی بەسەر کردەوە و راپۆرتی تایبەت لەسەر ئەم بەسەرکردنەوانە ئامادە کراوە و بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان بەرز کراوەتەوە تیایدا ئاماژە بەوە دەدات پەلە بکرێت لە دروستکردنی گرتوخانەی ستاندارت و چاککردنی شوێنی حەوانەوەی زیندانیان لە هەندێ لە بەندیخانەکاندا.

بە ئەرکی سەر شانی خۆشی دەزانێ بەردەوام لە مەڕ حەقیقەتی بارودۆخی مافی مرۆڤ راپۆرت ئامادە بکات بۆ ئەوەی چارەسەر بۆ لایەنە لاوازەکان بدۆزرێتەوە و لایەنە ئیجابیەکانیش بە هێز بکرێ بۆ گەیشتنی گەلەکەمان بۆ کۆمەڵگایەکی مەدەنی لە سایەی فەراهەمبوونی ئاشتی و دیموکراسی و پاراستنی مافی مرۆڤ.

ئەوەش بە بیری هەموو تاکێك دەهێنینەوە کە وەزارەتی مافی مرۆڤ لە ماوەی دەستبەکاربوونی لە کابینەی پێنجەمدا توانیویەتی رەوشی بەندیخانەکان چاکتر بکات و رۆڵی هەبێت لە داخستنی بەندیخانە تایبەتیەکان و کارکردنی زۆری لەسەر ئەو کەسانەی حوکمیان تەواو بوە و ئازاد بکرێن... هەروەها چالاککردنی کاری داواکاری گشتی بۆ بەدواداچوونی زیاتر لە کێشەی بەندییەکان و ئازاد کردن یا دادگایکردنی هەر گیراوێك کە بە بێ بڕیاری دادوەر گیرا بێت و بەرەنگاربوونەوەی هەر جۆرە ئەشکەنجەدانێك کە بەرامبەر بە بەندکراوان ئەنجام بدرێت و جەختکردنەوە لەسەر دەرکردنی یاسای لێبوردنی گشتی و دەرکردنی یاسای دژە تیرۆر..

وەزارەتی مافی مرۆڤ توانیویەتی پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لەگەڵ (NGO)کاندا دروستبکات لە پێناوی هەرچی زیاتر خزمەتکردنی مافی مرۆڤ و ئاشتی و دیموکراسی و ئازادییە بنچینەییەکان تا بەشداری هەبێت لە هوشیارکردنەوەی گەلەکەمان و گەیاندنی بۆ کۆمەڵێکی مەدەنی.. دیسانەوە رۆڵی دیاری هەیە لە کەمکردنەوەی توندوتیژی دژی ژنان، ئەویش بە دانانی لیژنەیەکی تایبەت بۆ بە دواداچوونی هەر جۆرە توندوتیژییەك دژی ژنان و بە بەردەوامیش چاودێری ئامارەکانی توند و تیژی بکات و هەوڵی ئەوەشیداوە کە سەنتەرەکانی حەوانەوەی ئافرەتانی هەڕەشە لێکراو سەر لە نوێ رێکبخاتەوە بۆ ئەوەی بەشداری کاریگەرانەی هەبێت لە چارەسەری کێشەکان و کەمکردنەوەی توندوتیژییەکان..

وەزارەتی مافی مرۆڤ بە هاوکاری وەزارەتی پەروەردە توانیویەتی مافی مرۆڤ وەك وانەیەك بخاتە پڕۆگرامی خوێندنەوە و ئەمەش ڕۆڵی خۆی دەبێت لە قوڵکردنەوەی گیانی لێبوردەیی و مرۆڤدۆستانە لە لای قوتابیانەوە.

بە مەش نەوەستاوە لە کارکردن بەردەوامبوە لە شار و شارۆچکەکاندا و دێهاتەکانیشی فەرامۆشنەکردوە و تیمی گەڕۆك دانراوە بۆ بە ئاگا بوونیان لە سەرجەم بنەماکانی پاراستنی مافی مرۆڤ.

لەرووی دبلۆماسیەتیشەوە لە ماوەی کارکردنیدا دووجار وەزارەت لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی مافی مرۆڤ لە (جنێڤ) بە نوێنەرایەتی عیراقی فیدراڵ بەشداریکردوە.

وێرای گرێدانی زۆری خول و وۆرك شۆپ و سیمینار و کۆنفرانس کە پەیوەندی بە رەوشەکەوە هەبوە چالاکی بەرچاویشی لە بواری راگەیاندندا هەبوە و بە بەردەوامی گۆڤارێکی وەرزی دەردەکات بە ناوی (مرۆڤ) و تا ئێستا کە (١٠) ژمارەی لێ چاپکراوە و چەندەها کتێب و نامیلکە و بڵاوکراوە و پۆستەر ی چاپکردوە و بڵاویکردۆتەوە کە سەرجەمیان لە بوارە جیاجیاکانی مافی مرۆڤن.

ئەمانە مشتێکە لە خەروارێك لە مەڕ چالاکیەکان، بۆیە بە دڵنیاییەوە ئەمە رادەگەیەنین کە وەزارەتی مافی مرۆڤ لە ماوەی کارکردنی لە کابینەی پێنجەم توانیویەتی بنیاتێك بۆ بوون و ناساندن و ئاشنا بوونی رەوشی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا دابنێ تا لە ئایندەدا نەوەی داهاتوو هەست بە وە بکەن کە ئەم رەوشە پێویستی بەوە هەیە پەرەی پێبدرێ و ببێتە هزرێك بۆ هەموان ورێگاکانی دیموکراسیەتیشی پێ رۆشنتر بکرێتەوە لەم هەرێمەدا.

## حکومەتی هەرێمی کوردستان
## وەزارەتی مافی مرۆڤ
## بەرێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن

# دیدار و چاوپێکەوتنەکانی وەزیری مافی مرۆڤ

# ڕێکخراوی (ASK)ی ئەمریکی دەستپیکرد بە چاودیری کردنی کارەکانی وەزارەتی مافی مرۆڤ

## *ڕاگەیاندنی وەزارەت*

سەردانی ڕێکخراوی کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ کورد (ASK) بۆ وەزارەتی مافی مرۆڤ لە میانی ئەم پرۆژەیەدایە کە ئەنجومەنی وەزیران ڕەزامەندی لەسەر دەربڕیوە بۆ چاودێریکردنی وەزارەتەکان، بۆ ئەم مەبەستە سەر لە بەیانی ٢٠٠٩/٤/١٤ بەڕێز د. شوان محمد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤ پێشوازی لە وەفدێکی باڵای ئەم کۆمەڵەیە کرد و لە دەستپێکی قسەکانیدا ئامادەیی وەزارەتی مافی مرۆڤی دووپاتکردەوە و ڕاشیگەیاند: وەکو وەزارەت هەموو دەسەڵاتێکیان دەدەینێ کە چاودێری تەواوی کارەکانمان بکەن و هەموو هاوکاری و یارمەتیەکیشتان دەکەین و دەرگای هەموو بەڕێوەبەرایەتیەکانی شار و شارۆچکەکانیشمان کراوە و ئامادەیە بۆ ئەم کارەتان.

لەبەرامبەردا بەڕێز ڕێبین ڕەسوڵ بەناوی ئەم ڕێکخراوەوە ڕوونیکردەوە کە کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ کورد لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە لە بواری چاودێریکردنی دەزگای هەڵبژێردراو و ڕەسمییەکانی کوردستان کاردەکات، بۆ پرۆژەی ئەمساڵیش دەستکرا بە چاودێریکردنی کارنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەرێگەی (٥) وەزارەتەوە و هەندێکی کراوە و ئەمرۆش لە وەزارەتی مافی مرۆڤ-ین و بۆماوەی (٣) مانگ چاودێری کارەکانی ئەم وەزارەتە دەکەین و لە ٢٠٠٩/٦/٣٠ ڕاپۆرتی خۆمان بەرز دەکەینەوە و ئاماژەشی بەوەدا کە کارەکانی چاودێری لە ڕێگەی (٥) خۆبەخش دەبێت و لە ماوەی (٣) مانگدا سەردانی دەوریيان هەبووە و لەدواجاریشدا لە ڕاپۆرتێکی تێروتەسەل کارەکانی خۆیان بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەرز دەکەنەوە، ئەوەشی ڕاگەیاند: کە ئەم چاودێریکردنە و بەدواداچوونانە بایەخێکی گرنگی دەبێت لە بەدواداچوونەوەی کارەکان بەمەبەستی چاککردنی و خستنەرووی کارە باشەکان کە ئەمەشیان هەر دەبێتە جێی سەرنجی حکومەت بەهیوای باشتر.

لەتەوەرێکی دیکەدا وەزیری مافی مرۆڤ بەوەفدی میوانی ڕاگەیاند: پێویستە هەموو لایەنەکان بخرێنەروو هەتا ئەگەر هەرچی کەموکورییەك هەبێت بەدواداچوونی بۆ بکرێ و لە ئایندە دووبارە نەبێتەوە.

شایانی باسە ڕێکخراوی (ASK) خۆبەخشانە کارەکانی خۆی ئەنجامداوە و ئەم پرۆژەیەش لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بەنوسراوی ژمارە (١٣٢٢٨) لە ٢٠٠٨/١٢/٢ەوە هەموو کار ئاسانییەکی بۆ کراوە.

## ئەمڕۆ ڕێکخراوەکانی ئەمنستی ئەنتەرناشناڵ و مانگی سوری نێودەوڵەتی و یۆنۆپس و وەفدێکی سویدی سەردانی وەزارەتی مافی مرۆڤ-یان کرد

### *ڕاگەیاندنی وەزارەت*

ئەمڕۆ ٢٠٠٩/٤/٢٢ بەڕێز د. شوان محەمەد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤ لە نوسینگەی تایبەتی خۆی چاوی بەژمارەیەك لە نوێنەرانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کەوت، لە پێشدا لەبەر ڕۆشنایی بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتێکی تایبەت لەسەر رەوشی مافی مرۆڤ لە کوردستان لەلایەن ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی. چاوی کەوت بە وەفدێکی ڕێکخراوی ناوبراو کە بەسەردانێك گەیشتنە دیوانی وەزارەت و دوای بڵاوکردنەوەی راپۆرتەکەشیان ئەمە یەکەمین جارە ئەم سەردانە ئەنجامدەدرێ و وێڕای بەخێرهێنانیان وەزیری مافی مرۆڤ لە دەستپێکی دیدارەکەدا بڵاوکردنەوەی راپۆرتەکەی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی  بە شێوەیەکی ئیجابی وەسفکرد و بەهۆکارێکی گرنگی دایە قەڵەم بۆ بەدواداچوونی خاڵەکان و کەمکردنەوەی پێشێلکارییەکان. هاوکات باسی ئەوەشی لەگەڵ وەفدی میوانکرد کە لەم راپۆرتەدا هەندێ مەسەلە بڵاوکراوەتەوە کە هی بەر لە ساڵی (٢٠٠٨)ـە و زۆربەیان چارەسەرکراون.

ئاماژەشی بە رەوشی توندوتیژی دژی ژنان و ڕۆژنامەنووساندا کە وەکو وەزارەتی مافی مرۆڤ بایەخی زۆریان بەو دیاردەیە داوە و جەختیشیی لەوە کردەوە کە ڕێگەگرتن لە دەربڕینی بیروڕای ئازاد لە چوارچێوەی یاسادا بەشێکە لە پێشێلکارییەکان و لەهەر پێشێلکارییەکیش کە دەرهەق بە ڕۆژنامەنوسان کرابێ وەزارەت وێڕای ئیدانەکردن و بڵاوکردنەوەی بەیاننامە بەدواداچوونی جیدییانەی کردووە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی کێشەی ئەم توندوتیژییە.

ئەوەشی ڕاگەیاند کە حکومەتی هەرێم داوای لەلایەنە پەیوەندیدارەکان کرد کە دەبێ ئەو ڕاسپاردانەی لە ڕاپۆرتەکەی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی هاتووە بکرێتە ڕێنمایی بۆ دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش بە مەبەستی بەدواداچوون و جێبەجێکردن..

لە کۆتاییشدا هەردوو لا کۆك بوون لەسەرئەوەی کە پەیوەندییەکانیان پتەووتر بکەن بۆ ئەوەی بتوانرێ لە ئایندەدا ئەو ڕاپۆرتانەی کە دەردەچێ دروستی زیاتری تێدابێت.

هەر ئەمڕۆ بەڕێزی لە دیوانی وەزارەت پێشوازی لە هەردوو خاتوو (کلیەر مای تراود) لێپرسراوی خاچی سووری نێودەوڵەتی لە باکووری عێراق و خاتوو (کریستیل فاسەروت) لێپرسراوی ئۆفیسی هەولێر کرد، وێڕای گفتوگۆکردن لەسەر رەوش مافی مرۆڤ بەگشتی لە دەڤەرەکەدا وەفدی میوان بەچڕی باسیان لە چۆنیەتی گوزەرانی زیندانیانی ناو بەندیخانەکان کردو بە پێویستیان زانی پارێزگاری لە چۆنیەتی ڕۆژانەی ژیانی زیندانیان بکرێ بە تایبەت لە رووی باری تەندروستییەوە، ئەوەشیان خستەڕوو کە بنکە تەندروستییەکانی ناو بەندیخانەکان پێویستیان بەوە هەیە کە باشتر

بکرێن و پاك و خاوێنتربن. له تەوەرێکی تردا وەفدی میوان مەسەلەی بەزۆر گەڕانەوەی خەڵکی بیانیان له کوردستان ڕاگەیاند که بەپێی یاساکان و بنەماکانی مافی مرۆڤ ئەمە بەپێشێلکاری دەرهەق به مرۆڤ دەبینرێ...

له بەرامبەردا وەزیری مافی مرۆڤ بێئاگایی خۆی لەم هەواڵە دەربڕی و دڵنیای کردنەوە کە تاکو ئێستا هیچ سکاڵایەکی ئەم هاووڵاتیانە ڕووبەڕووی وەزارەتی مافی مرۆڤ نەکراوەتەوە، هەر کاتێکیش ئەم مەسەلەیە بێتە ئاراوە وەزارەت بەدواداچوونی بۆ دەکات.

ئینجا هەردوولا دووپاتی ئەوەیانکردەوە کە پەیوەندییەکانیان پەرە پێبدەن له پێناوی لەیەك گەیشتن و بەرەو پێشەوە بردنی ڕەوشی مافی مرۆڤ لەم هەرێمە.

هەر هەمان ڕۆژ وەزیری  مافی مرۆڤ چاوی بە خاتوو (ئانیتا گرادین) سیاسەتمەداری نێو حزبی سۆسیال دیموکراتی سویدی و (لینانیوبێری) ئۆمبدۆسمانی پێشوی منالانی سوید کەوت کە ئێستا لەسەر داوەتنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی کوردستانیان کردووە بەمەبەستی باسکردنی ئۆمبدۆسمان وەك سیستەمێك بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ و بنەماکانی دیموکراسی کە نیاز وایە له کوردستان دابمەزرێ.

هەروەها وەفدی میوان باسی ئەوەیانکرد کە لەبەشێك لەم ئۆمبدۆسمانە کار لەسەر بەدواداچوونی سکاڵاکانی هاوڵاتیان دەکرێ.

لەبەرامبەردا د. شوان محمد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤ ئامادەباشی وەزارەتەکەی دووپاتکردەوە کە بەهەموو شێوەیەك هاوکارییان بکرێت له پرۆژەکەیاندا.

هاوکات له درێژەی ئەم زنجیرە چاوپێکەوتنانە وەزیری مافی مرۆڤ هەر ئەمڕۆ چاوی کەوت بە خانم (ئیڤۆن فرانسیس) لێپرسراوی پرۆژەکانی مافی مرۆڤ له نوسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان.

لەسەرەتادا وەزیری مافی مرۆڤ روونیکردەوە کە پێویستە خزمەتگوزاری زیاتر له رووی هۆشیارکردنەوە له بواری مافی مرۆڤ لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان ئەنجام بدرێ، چونکە ئەم دەڤەرە پێویستی تەواوی بە هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە هەیە تا بەتەواوی ڕەوشی مافی مرۆڤ شوێنی خۆی لەناو بیرۆکەی هاوڵاتیان جێگیر بکات.

لەبەرامبەردا خانم (ئیڤۆن) ڕایگەیاند کە پرۆژەی تایبەتیان لەسەر ڕەوشی بەندیخانەکان و چاودێری ڕەوشی بەندیخانە ئامادەیە و هەروەها پرۆژەی دابینکردنی پارێزەر بۆ ئەم زیندانیانەی کە توانای ئەوەیان نییە پارێزەر بۆ خۆیان ئامادە بکەن و ئەم پارێزەرانەش پێویستیان بە بەشداریکردن هەیە له وۆرك شۆپەکان کە بە نیازن ئەنجامی بدەن، لەلایەکی دیکەوە ڕایگەیاند کە لەم زوانە خولێك بۆ پسپۆڕانی بواری بەندیخانەکان ئەنجامدەدەن بەمەبەستی زیاتر تێگەیشتنیان له چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕۆژانەی زیندانیان و بەندیخانەدا شایانی باسە بەڕێزان عەبدوڵڵا دلێر بەڕێوەبەری گشتی دیوان و خانم سەناریا نیزامەدین گلی جێگری بەڕێوەبەری گشتی کاروباری مافی مرۆڤ لەدیوانی وەزارەت ئامادەی ئەم زنجیرە دیدارانە بوون.

# پڕۆژەی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی
# بۆ پێگەیاندنی مامۆستایانی وانەی مرۆڤ بەڕێوەیە....

## *ڕاگەیاندنی وەزارەت*

لەبەردەوامی بایەخدان بە رەوشی مافی مرۆڤ و تێڕوانینی زیاتر بۆ راپۆرتەکەی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی و بەشداریکردن لە بەرەوپێشچوونی رەوشەکە....

ئەمڕۆ ٢٠٠٩/٤/٢٣ لە دیوانی وەزارەت د.شوان محەمەد عزیز وەزیری مافی مرۆڤ بە ئامادەبوونی د.دلشاد عبدالرحمن وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە مالکوم سمارت لێپرسراوی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی کرد.

لە دیداری ئەمڕۆدا کە عبداللە دلێر بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەت و خاتوو سناریا نیزامەدین گلی جێگری بەڕێوەبەری گشتی مافی مرۆڤ ئامادەیبوون بۆ رۆژی دووەم لەدەستپێکی گفتوگۆکان لەسەر بڵاوکردنەوەی راپۆرتی ئەم دواییەی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی بوو کە تیایدا هەمووان بە پازدانێکی نوێی بایەخدان بەرەوشی مافی مرۆڤ-یان لە دەڤەرەکە وەسفکردو ئاماژەشیان بەو بڕیارە گرنگەی حکومەتی هەرێمدا کە کۆبوونەوەکانی چەند رۆژەی رابردووی ئەنجومەنی وەزیران هاتەکایەوە کە دەبێت راسپاردەکانی ئەم راپۆرتە بایەخی پێبدرێ و رێنمایی بدرێتە دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش و جێبەجێی بکەن.

لەتەوەرێکی دیکە بەدرێژی باس لەسەر چۆنیەتی خوێندنی مافی مرۆڤ کرا لە خوێندگا سەرەتاییەکان لەڕووی دارشتنێکی ئاسان و بوونی پەرتووکەکان بەشێوەیەکی وێنەدار و ئامادەکردنی مامۆستایانی بەتوانا و پسپۆڕ لەم بوارەدا بۆئەوەی خوێندکاران بەبایەخەوە تێبڕوانن و لە مێشکی خۆیاندا تۆماری بکەن و وەریبگرن...

لەبەر ئەم رۆشناییەدا (مالکوم سمارت) رایگەیاند کە ڕێکخراوەکەیان بەو پێیەی پسپۆڕایەتی و تاقیکردنەوەی باشیان لە پێگەیاندنی مامۆستایانی ئەم بوارە هەیە ئامادەن خولی راهێنانی تایبەتیان بۆ بکەنەوە تا بەتەواوی لەکارەکانیان جۆرێك لەسەرکەوتن بەدەست بهێنن و ببێتە هۆکارێکیش بۆئەوەی نەوەی نوێ بنیات بنێ....

لەبەرامبەردا هەردوو وەزارەتی مافی مرۆڤ و پەروەردە کە دوو وەزارەتی پەیوەندارن و لەم بوارەدا هاوکاری و پەیوەندییەکی پتەویان هەیە و کاریشیان لەسەر ئەم رەوشە کردوە و ماوەی دوو ساڵە لە قوتابخانەکاندا وانەی مافی مرۆڤ دەخوێندرێ دووپاتیانکردەوە کە پشتگیری تەواوی خۆیان بۆ پڕۆژەکەی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی دەربڕن و بەکارێکی پیرۆزیشیان زانی کە دەبێتە بەشێك لە گۆڕانکاری کۆمەڵگا و هۆشیاری مافی مرۆڤ لەناو نەوەی نوێ و هاوڵاتیان بەگشتی.

# لەدیداری وەزیری مافی مرۆڤ و وەفدێکی سویدی
# جەخت لەسەر پاراستنی ژنە ( بێلانەکان ) کرایەوە

***راگەیاندنی وەزارەت***

بۆ بایەخدانی زیاتر بە رەوشی مافی مرۆڤ لە کوردستان بەتایبەت لەلایەن رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان. سەر لە بەیانی ئەمڕۆ ٢٠٠٩/٤/٣٠ بەڕێز د. شوان محمد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤ پێشوازی لە شاندێکی ئۆفیسی پەناهەندەکان و خاچی سووری سویدی کرد.

لە دەستپێکی دیدارەکەدا وەزیری مافی مرۆڤ ئەو سەردانانەی رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و ئەو بایەخدانەیان بەرەوشی مافی مرۆڤ بە مایەی دڵخۆشی وەسفکرد، چونکە ئەوە دەسەلمێنێ کە لە هەرێمەکەدا بەرنامەیەکی چڕ هەیە بۆ کارکردن لەسەر بنەماکانی مافی مرۆڤ و ئەم بەدواداچوونانەی ئەوانیش دەبێتە بەشێك لە زیاتر کارکردنی ئێمە لەسەر رەوشەکە بۆ کەمکردنەوەی پێشێلکارییەکان.

ئاماژەشی بەم کارو چالاکیانەدا کە لەم بوارەدا لە وەزارەتی مافی مرۆڤ لەمەڕ ئەم رەوشە ئەنجامدراوە و دیارە ئەمەش مایەی سەرنجراکێشی هەمووانە وەك لە راپۆرتەکەی ئەم دواییەی (ئەمنستی ئەنتەرناشنال) ئاماژەی پێدرابوو.

لەبەرامبەردا وەفدی میوان باسیان لە ئامانجی سەردانەکەیان کرد کە زیاتر لایەنی توندوتیژی دژی ژنان—ی گرتەوە و چۆنیەتی بۆ وەستاندنی ئەم توندوتیژییەی کە دەرهەقیان دەکرێ، تیشکیشیان خستە سەر چۆنیەتی پاراستنی ئەو ژنانەی کە لە لانە ئارامەکان دەهێنرێنە دەرەوە و بەڵێننامە لە کەس و کاریان وەردەگیرێ بۆ بەردەوامی ژیانیان و یاسایی بوون لەم مەسەلەیەوە.

د. شوان محمد عەزیز رایگەیاند: ئەم بەڵێنانە شێوە یاسایی خۆی وەردەگرێ و لە هەر حاڵەتێکی تاوانکاریدا بەرامبەر ئەوە بکەری ئەم تاوانە رووبەرووی یاسا دەبێتەوە.

بەڵام لە هەندێ حاڵەتەکان کوشتن دێتە ئاراوە، چونکە تا ئێستاکە داب و نەریتی کۆمەڵگەی ئێمە پێویستی بە هۆشیارکردنەوەی زیاتر هەیە.

دووپاتی ئەوەشیکردەوە کە مەترسی راستەقینە هەیە لەسەر ئەو ژنانەی کە تووشی ئەم حاڵەتانە دێن، پێویستیان بە چارەسەری پاراستنی ژیان هەیە لە هەر کوێیەك بن.

**لەسەردانێکی وەزیری مافی مرۆڤ بۆ بەندیخانەکانی ئاسایشی هەولێردا :**

*** نابێ ڕاگیراو لە ( ٦ ) مانگ زیاتر چارەنووسی بەدیار نەخرێ.**

**بەڕێوەبەری گشتی ئاسایشی هەولێر :**

*** حاڵەت هەیە چەند ساڵێکە لێکۆڵینەوەکانی تەواوبووە و دادوەر بڕیاری کۆتایی نادات.**

***ڕاگەیاندنی وەزارەت***

بەمەبەستی بەدواداچوونی ڕاسپاردەکانی سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەمەڕ چۆنیەتی ڕەوشی مافی مرۆڤ لە بەندیخانەکاندا، ئەمڕۆ ٢٠٠٩/٥/١٢ بەڕێز د. شوان محمد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤ بە یاوەری خاتوو تاڤگە عومەر ڕەشید بەڕێوەبەری گشتی کاروباری مافی مرۆڤ و ژمارەیەك لە پسپۆڕانی ئەم بوارە لە دیوانی وەزارەت سەردانی هەردوو بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی هەولێر و ئاسایشی هەولێری کردو لەلایەن بەڕێزان عصمت ئەرگوشی بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی و عبداللە بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر پێشوازی لێکرا و وێڕای بەخێرهێنانی لە دیدارێکدا بەدرێژی باسی لە بارودۆخی ئارامی ناوچەکە و ڕۆڵی ئاسایش لەپاراستنی سەروماڵی هاوڵاتیان کرا، ئینجا گفتوگۆیەکی تێروتەسەل دەربارەی ڕێکخراوی ئەمنستی ئەنترناشناڵ کرا کە لەم دواییانەدا ڕاپۆرتێکی تایبەتی لەسەر ڕەوشی مافی مرۆڤ لە کوردستان بڵاوکردەوە و لایەنی بەندیخانەکانی ئاسایش بەشێکی گرنگبوو لە ڕاپۆرتەکەدا، هەر لەبەر ئەو ڕۆشناییە وەزیری مافی مرۆڤ ئاماژەی بەوەدا کە ڕاستە ئەم ڕاپۆرتە هەردوو لایەنی بەخۆوەگرتووە و باسی لەو گۆڕانکارییەنەش کردوە کە ڕەوشی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان بەخۆیەوە بینیویە و بەتایبەت لەڕووی چاکسازی بەندیخانەکانەوە و کارکردن بۆ نەمانی توندوتیژی و ئەشکەنجەدان و بەزویی یەکلاییکردنەوەی دۆسیەی ڕاگیراوان و گۆڕینی یاساکان.

ڕاشیگەیاند: ئەم بەسەرکردنەوانەشمان بۆ بەندیخانەکانی ئاسایش ئەوە دەگەیەنێ کە ئێمە و هەموو ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکان ڕێگەپێدراون لە نزیکەوە گوێ لە داوا و پێشنیاری زیندانیان بگرن و لە نزیکەوەش لە چۆنیەتی مامەڵەکردنیان لەلایەن کارمەندانی ئاسایشەوە بگەین.

لەبەرامبەردا بەڕێوەبەری گشتی ئاسایشی هەولێر دووپاتیکردەوە کە ئەوانەی لەم بەندیخانەیە ڕاگیراون بەپێی یاسا مامەڵەیان لەگەڵ کراوە و هەموو مافێکی کەسێتیان پارێزراوە و هەر یەکە و چاوەڕێی ئەوەن کە لەدادگاوە چارەنووسیان دیار بخرێت و ئاسایش-یش پابەندە بە بڕیاری دادوەر.

ئاماژەشی بەوەدا کە هەمیشە ئاسایش لەکاتی گرتنی هەر کەسێك راستەوخۆ ئاگاداری دادوەر دەکاتەوە و کەسی داواکراو لەبەردەم لێکۆڵینەوەدا ئامادە دەکات، سەرباری ئاگادارکردنەوەی کەسوکاریان و رێگەپێدانیان بۆ دانانی پارێزەر.
هەروەها ئاماژەی بە هەندێ کرداری تردا کە لایەنە میدیاکان بەتایبەت لەسەر ئاسایشی حسێب دەکەن لە بنەڕەتدا هیچ پەیوەندییەکی بە ئەوانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە پۆلیسەوە هەیە، رەخنەشی لەلایەنی دادگا گرت کە زۆرجار کاری لێکۆڵینەوەکان بۆ ماوەیەکی زۆر تەواو دەبێت بڕیار لای ئەوانەوە دوادەکەوێ و چەند نموونەیەکیشی بۆ ئەم حاڵەتانە هێنایەوە.
لەمەڕ زیندانیە غەیرە کوردستانیەکانیش بەرێوەبەری ئاسایشی گشتی هەولێر رایگەیاند بەپێی یاسا لێپێچینەوە لەگەڵ ئەو کەسانە دەکرێ کە ئەگەر لەناو سنوری هەرێمی کوردستان تاوانەکە ئەنجامبدرێ بەپێچەوانەوە ئێمە ئەو مافە نادەینە خۆمان لەدەرەوەی هەرێم خەڵکانێك دەسگیر بکەین.
لەبەدواداچوونەکانی کارمەندانی یاوەر لەگەڵ وەزیری مافی مرۆڤ لەمەڕ شاردنەوە و بەندیخانە نهێنییەکان ئەرگوشی دووپاتیکردەوە کە ئەگەر ئاسایش ئامادەبێ تاوانباران دوای ئیسپاتبوونی تاوان بەسەریاندا لە شاشەی تەلەفزیۆنەکان پیشانبدات، چ پێویستی بەوە هەیە لە زیندانی نهێنی بیانشارێتەوە، کەواتە هیچ زیندانێکی نهێنی بوونی نییە.
ئینجا د. شوان محمد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤ هەردوو بەندیخانەی ئاسایشی گشتی هەولێر و ئاسایشی هەولێری بەسەرکردەوە و لە نزیکەوە لەگەڵ راگیراوەکان گفتوگۆی کرد کە هەندێ لەوان داواکاری ئەوەیان هەبوو کە ماوەیەکی زۆرە لە بەندیخانەن و چارەنووسییان لەدادگا دیارینەخرێ و کەسانێکیش هەبوو بە قسەی خۆیان دادوەر بڕیاری ئازادکردنی داوە و لێرە ئازاد نەکراوە.
لەم رووەوە وەزیری مافی مرۆڤ داوایکرد کە بەزوویی بەدواداچوون لەم مەسەلانە بکرێ و جارێکی تریش جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێ دادگا ئەم برگە یاساییە کە نابێ راگیراو لە (٦) مانگ زیاتر بێ دیاریکردنی چارەنووس دوابخرێ جێبەجێبکات.

# حکومەتی ئەمریکا لە ئابی داهاتوودا
# پڕۆژەی ( سەروەری یاسا ) لەم هەرێمە
# دەخاتە کاری جێبەجێکردنەوە....

***راگەیاندنی وەزارەت***

دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ ٢٠٠٩/٥/١٨ د.شوان محەمەد عزیز وەزیری مافی مرۆڤ لە دیوانی وەزارەت پێشوازی لە خاتوو (هێلن ئۆلافس دوتیر) نوێنەری ڕێکخراوی (undp) کرد.

لەدەسپێکی ئەم دیدارەدا کە خاتوو تاڤگە عمر رشید بەڕێوەبەری گشتی مافەکانی مرۆڤ ئامادەیبوو، وەزیری مافی مرۆڤ رەوشە هەنوکەییەکانی مافی مرۆڤی لە دەڤەرەکە خستەڕوو و باسیشی لەو کارو بەرنامانە کرد کە لەماوەی ئەم کابینەیەدا وەزارەت بۆ ناساندن و هۆشیارکردنەوەی لەرووی تێگەیاندنی رەوشەکە لەلای هاولاتیانەوە کاریکردووە...

لە تەوەرێکی دیکەدا هاتو (هیلین ئۆلافس) بەدرێژی باسی لە پلانی رێکخراوەکەی کرد لەڕووی توندوتیژی خێزانی و دانانی ئەو بەرنامەیەی کە تیایدا لەبەردان چاوپێکەوتن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان و ئەو سەنتەرانەی کە لەم بوارەوە کاردەکەن سازبدەن...

ئاماژەشی بەوەدا کە رێکخراوی (undp) بە شێوەیەکی جیدیانە گفتوگۆکانی خۆی لەمەڕ پرۆژە یاسای بەرنگاربوونەوەی توندوتیژی کردو لەبەر ئەم رۆشناییە بڕیاریداوە کە خولی راهێنان بۆ پۆلیس و ئەو فەرمانبەرانەی کە لەم بوارەدا کاردەکەن بکاتەوە بەمەبەستی زیاتر تێگەیاندنیان لەناوەڕۆکی ئەم مەسەلەیە....

هاوکات لە دانیشتنی هەردوولادا جارێکیتریش جەخت لەسەر پاراستنی سەروەری یاساکرایەوە و جەختیش لەسەرئەوە کرایەوە کە پێویستە رۆلی دادوەران زیاتر بکرێ و سەروەری ئەوانیش بپارێزرێ...

لە دیاهی دیدارەکەشدا خاتوو (هێلین ئۆلافس دوتیر) رایگەیاند کە حکومەتی ئەمریکا بەهەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان لەکۆتایی مانگی ئابی داهاتوو ئەو پرۆژەیەی کە (٨) مانگە کاری لەسەر دەکرێ لەمەڕ (سەروەری یاسا) نەخشە رێگای جێبەجێکردنی دەگردرێتەبەر بۆ چەسپاندنی ئەم سەروەرییە، چونکە ئەمە گەورەترین دەستکەوتێکە بۆ بنیاتنانی دیموکراسیەت و پاراستنی مافی مرۆڤ.

هەر ئەمڕۆ بەرێز د. شوان محەمەد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤ لە نوسینگەی تایبەتی خۆی پێشوازی لە د.دیندار زێباری رێکخەری حکومەتی هەرێم لەگەڵ رێکخراوی UN کرد.

وێڕای گۆڕینەوەی بیروبۆچوونەکان لەسەر رەوشی مافی مرۆڤ و ئەو گۆڕانکارییانەی لەم بوارەوە هاتوونەتە ئارا، باس لە رۆڵی رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و پەیوەندی حکومەتی هەرێم لەگەڵ رێکخراوی UN کرا کە بەبەشێکی گرنگ

له سیستەمی کارەکانی وەزارەتەکان دادەنرێ بەتایبەت لە تێڕوانینی ئەوانەوە بەرامبەر بە ڕەوشەکە و پاراستنی مافی مرۆڤ لە دەڤەرەکەدا.

لە تەوەرێکی دیکەی ئەم دیدارەدا گفتوگۆییەکی چڕ لەسەر دانانی لیژنەیەکی ئەمنی کرا کە نوێنەرانی هەموو دەزگا پەیوەندیدارەکان و بەرێکخراوەکانی UN یشەوە تیایدا بەشداربن بۆ بەدواداچوون و وەڵامدانەوەی ئەو راپۆرتانەی کە لەلایەن رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان دەردەچێت.

هەردوولاش جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە پەرە بە پەیوەندییەکان بدرێ و رۆڵی لە یەکگەیشتنەکان زیاتر بکرێ، چونکە پێکەوە کارکردن لەم بوارەدا جۆرێکی زۆرتر بۆ کەمکردنەوەی کێشەکان و کەمکردنەوەی پێشێلکارییەکان دەڕەخسێنێ، زێباری ئەوەشی دووپاتکردەوە کە وەزارەتی مافی مرۆڤ پشتگیری تەواوی کارەکانیان دەکات و لە ئانوساتی خۆیدا زانیارییەکانیان پێدەگەیەنێ و ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە وەزارەت لەم سێ ساڵەی دواییدا توانیویەتی کار بۆ بەرنامەکانی خۆی بکات و رەوشی مافی مرۆڤ لەبەرچاوی هاوڵاتیان روونتر بکات.

# له كۆبوونەوەی بۆردی راوێژكاری

# بەدواداچوونی را پۆرتە نێودەوڵەتییەكان خاڵێكی گرنگە لە رەوشی مافی مرۆڤ

## *راگەیاندنی وەزارەت*

بە ئامادەبوونی ژمارەیەك لە رێكخراوە ناحكومیەكان و رێكخـراوی یۆنـامی و یونیـسێف و پـەیمانگای نێودەوڵـەتی ئەمریكی ئەندام لە بۆردی راوێژكاری لە دیوانی وەزارەت ئەمڕۆ ٢٠٠٩/٥/٢٧ بەسەرپەرشتی د. شـوان محمـد عـەزیز وەزیری مافی مرۆڤ كۆبوونەوەی بۆرد ئەنجامدرا.

لە دەستپێكی كۆبوونەوەكەدا كە خاتوو تاڤگە عومەر رەشید بەرێوەبەری گشتی مافەكانی مرۆڤ ئامـادەیبوو بـەپێی ئەجێندای ئامادەكراو گفتوگۆیەكی تێروتەسەل لەسەر چوارخاڵی پەیوەندیدار كـرا، لەسـەرەتادا لیژنـەی بەدواداچـوون لەگێڕانـەوەی چـۆنیەتی بەرێوەچـوونی كارەكانیانـدا ئاماژەیـان بـەوەدا كـە هـەنگاوی بەدواداچـوون زەرووریـەتێكی بنەڕەتییە، چونكە دەبێتە بەشێك لە ئاگاداركردنەوەی ئەو لایەنانەی كە بواری پێشێلكارییەكانیان لێبەدی دەكرێ.

ئینجا لە بڕگەیەكی دیكەدا رەوشی بەندیخانەكان خرایە بەرباس و گفتوگۆكان، لەم رووەوە وەزیری مـافی مـرۆڤ باسـی لەو سەردانانە كرد كە لەم دواییە بۆ بەندیخانەكانی ئاسایشی گشتی لە سلێمانی و هەولێر ئەنجامیدابوو، ئەنجامی ئـەو دیدارانەشی باسكرد كە لەگەڵ لێپرسراوانی ئەم دوو دەزگایە رێكخرابوو. روونیشیكردەوە كە كەمبوونەوەی زینـدانیان لەناو بەندیخانەكان و رووبەرووكردنەوەیان بەرەو دادگا مایەی دڵخۆشكەرە كە چارەنووسیان دەركـەوێ و ئـەو رەخنـە و گلەییانەی كە لە زۆر راپۆرتەكان بەهۆی مانەوەی زۆریان بەبێ ئەوەی ببردرێنە بەر دادگا بەرەو كەمبوونەوە دەچێت.

لە تەوەرێكی تردا بەشداربووانی بۆردی راوێژكاری ئاڵوگۆڕی بیروراكانیـان كـرد لەسـەر هـەردوو راپـۆرتی ئەمنـستی ئەنتەرناسیناڵ و یۆنامی كە دیارە بەدیاردەیەكی باشیان وەسفكرد، چونكە ئەم جۆرە راپۆرتانە دەبنە بەشێكی گرنگ لە كاری بەدواداچوون و ئاگاداركردنەوەی لایەنە پەیوەندیدارەكان بۆ پێزانینی كاری سەرەكیان لە هەڵـسوكەوتی رۆژانەیان بەتایبەت لەگەڵ رەوشی زیندانی و بەندیخانەكاندا.

هاوكات دەستنیشانی ئەو كەموكورتیانەش كرا كە لە راپۆرتەكاندا هاتبوو كە زۆربـەیان دەگەڕایـەوە بـۆ بـەروارێكی كۆنترو داواشیان لەم رێكخراوانە كرد كە پێویستە هەماهەنگی زیاتریـان لەگـەڵ وەزارەتـی مـافی مـرۆڤ هـەبێت بـۆ ئایندەی نوسینی راپۆرتەكانیان تاكو هەموو مەسەلەكان بەدروستی بخرێنەروو، چـونكە بەشـدارانی كۆبوونـەوە پێیـان وابوو ئەگەر ئەم رێكخراوانە بە رێگای ئەم جۆرە هەماهەنگیانە و بیركردنەوانە راپۆرتەكانیان بنوسن زیاتر خزمەت بە رێڕەوی رێكخراوەكانیان دەكەن و حەقیقەتەكانیش زیاتر جێگیر دەبێ بۆ بەدواداچوونی لە پێناوی چارەسەركردنی.

لەدوا بڕگەی ئەجێندای کۆبوونەوەکەشدا دیسانەوە رەوشی مـافی مـرۆڤ لـە کوردسـتان باسـی لێـوەکراو لـە هـەموو لایەنەکانیدا کۆڵدرایەوە و باسیش لەم پێشێلکارییانە کرا کە رۆژانە رووبەروو دەبێتەوە و دیسانەوە جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە تەنها بەدواداچوون دەتوانێ ئەم پێشێلکارییانە کەمبکاتەوە.
شایانی باسە دروستبوونی بۆردی راوێژکاری بەشێکە لەو هەوڵانەی وەزارەت تا لـە نزیکـەوە لایەنـە پەیوەندیـدارەکان شان بەشانی وەزارەت کار لەسەر رەوشی مافی مرۆڤ بکەن بۆ گەیاندنی ئەم پەیامە بەهاوڵاتیان.

## له بەندیخانەکانی هەولێر
## ( ٣٨٧ ) راگیراو و ( ٤٧٣ ) حوکمدراوی پیاو و ژن و منداڵ هەیە

***راگەیاندنی وەزارەت***

بەدرێژەی سەردان و بەسەرکردنەوەکانی بۆ بەندیخانەکانی هەرێمی کوردستان رۆژی ٢٠٠٩/٥/٣١ بەرێز د.شـوان محمـد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤ سەردانی بەرێوەبەرایەتی چاکسازی منداڵان و ژنان و چاکسازی گەورانی هەولێری کرد، لەم سەردانەیدا کە خاتوو تاڤگە عومەر رەشید بەرێوەبەری گشتی مافی مرۆڤ و ژمارەیەك لە پسپۆڕانی بوارەکە یاوەرییان کرد، یەکە یەکە هۆڵەکانی بەندیخانەکانی بەسەرکردەوە و لە نزیکەوە گوێی لـە داوا و پێـشنیار و کێـشەی راگـیراوان گرت.

هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە لە بەرێوەبەرایەتی چاکسازی منداڵان و ژنان لە بەشـی منداڵانـدا (٢٩) منـداڵی راگـیراو و (٤٢)ی دیکەی حوکمدراوی تێدابوو و لەبەشی ژنانیشدا (٤٠) ژنی راگیراو و (١٩)ی دیکەی حوکمدراوی تێدابوو. لـە چاکسازی گەورانیشدا (٤١٢) حوکمدراوی تێدابوو و لە بەشی راگیراوانیشدا (٣١٨) راگیراوی تێدابوو، ئەمانەش هەر یەکە و بە پێی ماددەیەکی یاسایی ژیانیان لە بەندیخانە بەسەر دەبرد، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرا ژمارەیەکی زۆرییـان ماوەی یاسایی خۆیان بەسەرچووبوو و هێشتا لە دادگا چارەنووسییان بەدیار نەخرابوو کە ئەمەش یەکێ لە داواکارییە هەرە زۆرەکانی راگیراوەکان بوو، بۆیە وەزیری مافی مرۆڤ رایگەیاند کە وەزارەت بەبەردەوامی بەدواداچـوونی لەسـەر ئەم مەسەلەیە کردووە و دیسانەوە بەڵێنی ئەوەتان پێدەدەین کە درێغی نەکەین و دادگاکان ئاگادار بکەینەوە هەرچی زووە ئەم کێشەیە کۆتایی پێ بهێنن و چارەنووسی هەموو زیندانییەك بەدیار بخرێ.

شایانی باسە بەپێی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ و یاسای دادوەری دەبێ هەر راگیراوێك کە دەگیرێ لـە مـاوەی (٦) مانگدا چارەنووسی بەدیار بخرێ.

# وەزیری مافی مرۆڤ
# بەجیا چاوی بە بەرپرسی مافی مرۆڤ لە یۆنامی و
# لقی ئەڵمانیای رێکخراوی ئەنتەرناشناڵ سۆسایتی کەوت....

## *راگەیاندنی وەزارەت*

سەر لە بە یانی ٢٠٠٩/٦/٣ بەڕێز (د.شوان محمد عزیز) وەزیری مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی بەڕێوەبەرە گشتیەکانی وەزارەت پێشوازی کرد لە خاتوو (هما شکیب) بەرپرسی ئۆفیسی مافی مرۆڤ لەڕێکخراوی یونامی بە وەکالەت , لەم دانیشتنەدا کە نزیکەی کاتژمێریکی خایاند تیشك خرایە سەر ناوەڕۆکی راپۆرتی یونامی و کە تیایدا باس لە هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێم کراوە لەسەر ڕەوشی مافی مرۆڤ وسەبارەت بەو کەم و کورتیانەی لە راپۆرتەکەشدا هاتووە ڕێکخراوی ناوبراو نامەیەکی لێبووردن لە ڕێگەی ئۆفیسی ڕێکخەری حکومەتی هەرێم ئاڕاستەی وەزارەتی مافی مرۆڤ دەکەن وە جەخت لەسەر ئەوەش کرا کە لەهەر ڕاپۆرتێکی داهاتوودا دەبێت هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت بکرێت.

لە تەوەرێکی دی دانیشتنەکەدا باس لە ڕەوشی مندالآنی کوردستان کرا و ئاماژە بەوە درا کە بەرنامەی کاری وەزارەت تەوەرێکی تایبەتە بەم دۆزەو هەروەها باس لە دامەزراندن و دەست بەکاربوونی (دەستەی باڵای چاودێری مندالآنی کوردستان) کرا کە لەلایەن سەرۆکی حکومەتی کوردستان راستەوخۆ سەرپەرشتی دەکرێت و وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەلآیەتی سەرۆکایەتی دەکات و جگە لەوەی چەند وەزارەتێکی پەیوەندار ئەندامن لەو دەستەیە وەزارەتی مافی مرۆڤ یەکێکە لە ئەندامانی دەستەکە و ئومێد وایە کە ئەم دەستەیە کار بۆ پلانێکی ستراتیژی درێژخایەن بکات بۆ باشترکردنی رەوشی منداڵ لە هەرێمی کوردستان و چارەسەرکردنی کێشەکانیان بەشێوەیەکی زانستی و سەردەمیانە.

توندوتیژی دژی ئافرەتان تەوەرێکی تری دانیشتنەکەبوو کە پێشنیار کرا بۆ بەرەنگاربوونەوەی خۆسووتاندنی ئافرەتان کاری هاوبەش لەگەڵ رێکخراوی ناوبرا و ئەنجام بدرێت هەروەها بارودۆخی بەندیخانەکان و بەندییەکان بە تێروتەسەلی گفتوگۆی لەسەر کرا و باس لەوە کرا کە ئێستا بەندیخانەکانی هەرێم بەرەوپێشچوونی بەخۆوە بینیوە و ئومێد دەکرێت دوای تەواو بوونی هەردو بەندیخانەی هەولێر و سلێمانی بەشێوەیەکی بەرچاو کەمبێتەوە.

هەرئەمرۆ د.شوان محەمەد عزیز لە دیوانی وەزارەت پێشوازی کرد لە شاندێکی لقی ئەڵمانیای رێکخراوی (ئینتەر ناشنال سۆسایتی فۆر هیومان رایتس).

لەدیدارێکدا شاندی میوان باس لە پێکەوە ژیانی ئاینەکان لە کوردستان کرا و ئاماژە بەوە کرا کە لەهەرێمی کوردستان رێز لەسەرجەم ئاینەکان دەگیرێت و هەر نەتەوەیەك ئازادانە دەتوانێت مافەکانی خۆی بەرجەستە بکات و

هیچ کەس و لایەنێك تانوانێت کە ئازادی تاکەکەسی زەوت بکات و هەرێمی کوردستانیش هەمیشە نمونـەی پێکـەوە ژیانی نەتەوە و ئاینە جیاوازەکان بووە.

لەتەوەرێکی تری دانیشتنەکەدا باس لە رەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان کرا و کە ئێستا ئەم رەشنووسـە لـە پەرلەمانی کوردستانە و ئومێد وایە لە ئایندەیەکی نزیکدا بڕیاری لەسەر بدرێت.

# وەزیری مافی مرۆڤ پێشوازی لە خاتوو ( نادیە خەلیفە ) کرد
# توێژەر لە بواری مافی ژنان لە رێکخراوی هیومان رایتس وچ

## *راگەیاندنی وەزارەت*

پێش نیوەڕۆی ٢٠٠٩/٦/٤ بەرێز د. شوان محمد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤ لە دیوانی وەزارەت پێشوزایکرد لە خاتوو خەلیفە توێژەر لە بواری مافی ژنان و ئافرەتان لە رێکخراوی هیومان رایتس وۆچ لەم دیدارەدا وەفدی میوان مەبەستی سەردانەکەیان بۆ هەرێمی کوردستان خستەروو کە تیایدا ئەیانەوێ توێژینەوە بکەن لەسەر خەتەنەی مێینە لە کوردستان و بۆ ئەم مەبەستەش داوای زانیارییان کردووە بەمەبەستی دەوڵەمەندکردنی توێژینەکەوەیان و هەروەها پلانی وەزارەتی چییە بۆ رووبەرووبوونەوەی ئەم دیاردەیە.

هەر لەمیانی دیدارەکەدا بەرێز وەزیری مافی مرۆڤ رایگەیاند: کە ئەم دیاردەیە لە کوردستان هەیە بەتایبەتی لە ناوچەی پشدەر و گەرمیان و هەروەها توێژینەوەش کراوە و تیایدا وەزیری مافی مرۆڤ توێژینەوەکانی پێشکەش بە خاتوو (نادیە) کرد، هەروەها وەزیری مافی مروۆ ئاماژەشی بەوەکرد کە دیاردەی خەتەنەکردن لە کوردستان روولە کەم بوونەوەدایە، هەروەها وەزارەتی مافی مرۆڤ رایگەیاند کە لە داهاتوویەکی نزیکدا هەڵمەتێکی هۆشیارکردنەوە دژی خەتەنەکردنی مێینە دەستی پێدەکات بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ئەوقاف لەسەرتاسەری کوردستان بەتایبەتی لەناوچەکانی پشدەر و گەرمیان و داوای هاوکاری هەموو لایەك کرا بۆ ئەم مەبەستە.

# لەمەودوا خەتەنەکردنی کچان سزای یاسایی لەسەر دەبێ

## *راگەیاندنی وەزارەت*

بۆ هەڵسەنگاندنی کارەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی سەر بەوەزارەت.... رۆژی ٢٠٠٩/٦/٨ بەڕێز (د.شوان محمد عزیز) وەزیری مافی مرۆڤ کۆبوونەوەیەکی فراوانی لە سلێمانی لەگەڵ بەڕێوەبەرو کادیرانی رەوشی مافی مرۆڤ لە دەڤەری سلێمانی و گەرمیان سازدا.

لە دەسپێکی کۆبوونەوەکەدا کە عبداللە دلێر بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەت ئامادەی بوو وەزیری مافی مرۆڤ باسی لەو هەنگاوانە کرد کە لەسەرەتای دروستبونی وەزارەتەکە لە کابینەی پێنجەمی حکومەت نراوە بۆ ناساندن و ئاشناکردنی رەوشی مافی مرۆڤ لە هەرێمەکەو بەتایبەت لەناو لادێکاندا.

ئاماژەشی بەوەدا کە لە ماوەی دەست بەکاربوونی وەزارەت توانراوە کۆمەڵێك پرۆژەی تایبەتمەند بەرەوشەکە جێبەجێ بکرێت و بەشداری لە کۆبونەوەو کۆنفرانسە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان بکات لە سەروی هەمووشیانەوە سەرۆکایەتی کردنی وەفدی عێراق و کوردستان لە کۆبوونەوەکانی کۆمەڵەی مافی مرۆڤ لە (جنێف).

ئینجا ئەوەشی خستەروو کە وەزارەت چەند پرۆژەیەکی گرنگی بۆ حکومەت بەرزکردۆتەوە کە بەندە بە رێنماییەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ لە سەروشیانەوە سوك کردنی یاسای لە سێدارەکان کە کۆنفرانسێکی فراوانیشی بەبەشداری رێکخراوە مەدەنییەکان و دادوەران و پسپۆرانی بواری یاسا و مافی مرۆڤ بۆ بەستراو هەر ئەم پێشنیارانەی کۆنگرەش بوو کرایە پرۆژەیەك و بۆ حکومەت بەرزکراوەتەوە بەمەبەستی گفتوگۆو پەسەندکردنی.

هاوکات وەزیری مافی مرۆڤ داوای لە بەشداران کرد کە دەبێت بە رۆحێکی مرۆڤ دۆستانە کارەکان را بپەڕێنن و هەوڵەکانیان زیاتر چڕ بکەنەوە تا لە نزیکەوە ئاگاداری پێشێلکارییەکان بن و بیانخەنەروو بە مەبەستی چارەسەرکردنی:

هەر لەو کۆبوونەوەیە کە گفتوگۆیەگی ورد لەمەڕ کارەکانی ئەم بەڕێوەبەرایەتیانە و کێشەو پێشنیارو داواکارییەکان خرایەروو.

لە تەوەرەێکی دیکەدا وەزیری مافی مرۆڤ مەسەلەی خەتەنەکردنی کچانی وروژاند کە بووەتە دیاردەیەکی ترسناك و رایگەیاند کە بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی هەڵمەتێکی راگەیاندن دەست پێ دەکەن کە ماوەی مانگێك دەخایەنێ و شارو شارۆچکەو لادێکان دەگرێتەوەو ئەوەشی روونکردەوە کە بڕیارە هەرکەسەی کاری خەتەنەکردن بکات سزای یاسایی خۆی وەربگرێت.

لەمەڕ دیاردەی سوتانیش وەزیری مافی مرۆڤ ئەم دیاردەیەی بەترسناك وەسف كردوو داوای كرد كە پێویستە توێژینەوەی لەسەر بكرێت ئەویش لەگەڵ زانكۆكان بێت ئەنجامی باشتر دەبێت.

بەڵام لە رووی توندوتیژی دژی ژنانەوە وەزیری مافی مرۆڤ پێی وابوو ئەم دیاردەیە بەپێی ئامارە فەرمییەكان و راپۆرتە نێودەوڵەتییەكانیش كەم بووەتەوە لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە بەردەوام كاری لەسەر بكرێت تا هەوڵی بنبڕكردنی تەواوی بۆ بدرێت.

# لەدیداری وەزیری مافی مرۆڤ و وەفدی خاچی سوردا
# باسی لە پێداچوونەوەی حوکمی لەسێدارەدان کرایەوە

***ڕاگەیاندنی وەزارەت***

بۆ زیاتر پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان وەزارەت و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، پێشنیوەڕۆی ٢٠٠٩/٦/١١ بەڕێز د. شوان محمد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤ لە نوسینگەی تایبەتی خۆی پێشوازی لە خاتوو (کلیر مێترو) سەرۆکی لقی نێردراوێتی لە کۆمیتەی خاچی سوری نێودەوڵەتی کرد.

لەسەرەتای دیدارەکەدا کە بەرێزان عەبدوڵلا دلێر بەرێوەبەری گشتی دیوان و خاتوو سەناریا نیزام الدین گلی یاریدەدەری بەرێوبەری گشتی مافەکانی مرۆڤ ئامادەیبوون، خاتوو مێترو باسی لە ڕەوشی زیندانیان کرد بەتایبەت لەوانەی کە حوکمی لە سێدارەدانیان بەسەردا سەپێنراوە و داوایکرد کە هەوڵبدرێ پیاچوونەوە و بەدواداچوونیان بۆ بکرێ، چونکە لەم هەرێمەدا ڕەوشی مافی مرۆڤ بەرەو چاکبوون دەچێت، باسیش لە چۆنیەتی دادگاییکردنی ئەو کەسانە کرا کە حوکمی لە سێدارەدانیان بەسەردا دەسەپێنرێ و تا چەند مافی ئەوەیان هەیە تەمیزی ئەم حوکمە بکەنەوە.

لەبەرامبەردا وەزیری مافی مرۆڤ روونیکردەوە بەپێی یاسا هەر حوکمدراوێك مافی خۆیەتی ئەم حوکمە تەمیز بکاتەوە و ئەمەشیان زیاتر لەلایەن داواکاری گشتییەوە ئەنجامدەدرێ.

لە تەوەرێکی تردا خاتوو کلیر باسی لەو کرێکارە بیانیانە کرد کە لەودیو سنورەکانی هەرێمی کوردستانەوە دێن، پێویستە بەپێی بنەماکانی پاراستنی مافی مرۆڤ ژیانی ئەمانە لەمەترسی دووربخرێتەوە و مامەڵەیەکی مرۆییان لەگەڵدا بکرێ.

بۆ ئەم لایەنەش وەزیری مافی مرۆڤ بۆ وەفدی میوان دووپاتیکردەوە کە وەزارەت بەبەردەوامی بەدواداچوون بۆ کێشەی بیانییەکان دەکات و چەند کەسێکیان کە بەپێی ماددەی سنوربەزاندن لە یاسای سزادان لە ئاسایش گیراون لەسەردانەکانی خۆماندا جەختمان لەسەر ئەوە کردەوە کە هەرچی زورە چارەسەری کێشەکانیان بکرێت و ڕەوانەی وڵاتی خۆیان بکرێنەوە.

هاوکات لەم دیدارەدا سەرۆکی لقی نێردراوێتی کۆمیتەی خاچی سوری نێودەوڵەتی ئەو ڕاپۆرتە تایبەتەی دایە وەزارەتی مافی مرۆڤ کەلەسەر سزای لە سێدارەدان لە هەرێمەکە ئامادەیان کردوە بۆ ئەوەی وەزارەت بەدواداچوونی لەسەر بکات.

لەبەرامبەردا وەزیری مافی مرۆڤ وێڕای باش نرخاندنی ڕۆڵی حاچی سوری نێودەوڵەتی لەهەرێمی کوردستان و باشکردنی پەیوەندییەکان هیوای خواست پەرەی زیاتر بە پەیوەندییەکان بدرێ بۆ گۆڕینەوەی زانیاری لەمەڕ ڕەوشی

مافی مرۆڤ و ئەم راپۆرتەشی بەیەکێ لە بەرهەمی ئەم پەیوەندییانە زانی و بەڵێنیشی دا کە بەدواداچوونی جیدییانـە بۆ ئەم راپۆرتە بکرێ و لە ئەنجامەکەشیدا رێکخراوی ناوبراو ئاگادار بکرێتەوە.

## لەکەنەدا..کۆرسی خوێندن بۆ کادیرانی بواری
## مافی مرۆڤ و راهێنان بۆ فەرمانبەرانی ئەم بوارە ئە نجام دەدرێ

***راگەیاندنی وەزارەت***

نیوەڕۆی ئەمڕۆ ٢٠٠٩/٦/١٤ بەرێز د. شوان محمد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤ لە دیوانی وەزارەت پێشوازی لـە دادوەر خاتوو (کلاودێت پیکارد) ئەندامی دادگای بالاّ لە هەرێمی کیوپیك لە کەنەدا و وەفدە یاوەرەکەی کرد.
لەسەرەتای دیدارەکەدا کە هـەردوو بـەرێزان عەبـدوڵلا دلێـر بەرێوەبـەری گـشتی دیـوان و تاڤگـە عومـەر رەشـید بەرێوەبەری گشتی مافەکانی مرۆڤ ئامادەیبوون، وەزیری مافی مرۆڤ بە شێوەیەکی ورد باسی لە رەوشی مافی مـرۆڤ، ئەو گۆڕانکارییانەی لەم بوارەدا لە هەرێمەکەدا هاتووەتـە کایـەوە بەتایبـەت لـە رووی کـارکردن لەسـەر توندوتیـژی بەگشتی و توندوتیژی دژی ژنان بەتایبەتی و چـاککردنی رەوشـی بەندیخانـەکان و بەرزکردنـەوەی سـکالاّی هاوڵاتیـان ئەوانەی کە پەیوەندی راستەوخۆیان بە رەوشی مافی مرۆڤەوە هەیە، بۆ وەفدی میوان کرد.
هەروەها ئاماژەشی بەوەدا کە وەزارەت لە هەوڵی جیدیدایە کە رێگا چارەیەك بۆ حـوکمی لـە سـێدارەدان بدۆزێتـەوە ئەویش بەبەرزکردنەوەی پرۆژەیەکی تۆکمە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و لەوێشەوە بـۆ پەرلـەمان بـەو پێیـەی ئێستا زۆرێك لەو وەفدانەی کەسەردانی کوردستان دەکەن ستایشی رۆڵی حکومەت دەکەن لە بەدەنگەوە هاتنی رەوشی مافی مرۆڤ و ستایشی ئەو گۆڕانکاریانەش دەکەن بۆ بنبڕکردنی پێشێلکارییەکان ئەنجامدراوە.
لەبەرامبەردا خاتوو (کلاودێت پیکارد) وێڕای داواکردنی بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وەزارەتـی مـافی مـرۆڤ، بڕیاریدا کە کورسی خوێندن لە بواری مافی مرۆڤ بۆ کادیرانی بواری مافی مـرۆڤ دابـین بکـات و خـولی راهێنـان بـۆ فەرمانبەرانی پەیوەندیدار بە مافی مرۆڤ لە کەنەدا بکاتەوە بۆ زیاتر شـارەزابوون و پێگەیانـدنی زانیـاری زیـاتر بـەو کەسانە تا لە گەڕانەوەیاندا لە هەرێمی کوردستان هەموو لا برەو بە خوێندنی وانەی مافی مرۆڤ و چۆنیەتی پاراستنی بنەماکانی مافی مرۆڤ جێبەجێ بکەن.
شایانی باسـە دادوەر خـاتوو (کلاودێـت پیکـارد) خـۆی و هاوسـەرەکەی لـەکاری رێکخراویـی بـواری مـافی مـرۆڤ بەبەردەوامی کارییان کردووە و ئێستاش ئەندامی چەند رێکخراوێکی لەم جۆرەن لە کەنەدا.

# راپۆرتەکەی مافی مرۆڤی بەغدا
# دەربارەی هەرێم دوورە لە هەموو راستیەك

## *راگەیاندنی وەزارەت*

لەبەر رۆشنایی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە بواری مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان دێتە کایەوە و بە تایبەت لە خوێندنەوەی راپۆرتە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، رۆژی٢٠٠٩/٦/١٥ لەدیوانی وەزارەت بەرێز دکتۆر شوان محمد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤ بەئامادەبوونی بەرێزان عەبدوڵڵا دلێر بەرێوەبەری گشتی دیوان و تاڤگە عومەر رەشید بەرێوەبەری گشتی کاروباری مافی مرۆڤ، پێشوازی لە وەفدێکی سەفارەتی ئەمریکا کرد کە پێکهاتبوون لە خاتوو (لوسی تاملین) رێکخەری حکومەتی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان و (جایسن ئۆلنر) لێپرسراوی مافی مرۆڤ لە سەفارەتی ئەمریکا لە بەغدا و (ویلسن مایرز) رێکخەری سەروەری یاسا لە ئۆفیسی سەفارەتی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان.

لەدەستپێکی دیدارەکەدا وەفدی میوان باسیان لەو راپۆرتە کرد کە وەزارەتی مافی مرۆڤی عیراقی لەمەڕ ئەشکەنجەدانی زیندانییەکانی هەرێمی کوردستانی خستبووە روو و سەفارەتی ئەمریکاش ئیعتیمادیان کردبووە سەر و داوایان کرد کە ئاستی دروستی ئەم هەواڵە تا چەند راستە، لە وەڵامدا وەزیری مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان جەختی لەسەر ئەوە کردەوە ناوهێنانی ئەم ژمارەیە لەم راپۆرتەی وەزارەتی مافی مرۆڤی بەغدا بە هیچ شێوەیەك دروست نییە و دوورە لە هەموو بنەمایەکی راستی و ئەمەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە وەزارەتی مافی مرۆڤ لە نوسینی ئەم راپۆرتە هیچ پرسێکیان بە ئێمە نەکردووە تا لەلای هەردوولامان جۆرێك لە یەکگەیشتن لەم مەسەلەیە دروست بێ.

لەتەوەرێکی تردا وەفدی میوان ئاماژەیان بە بارودۆخی رۆژنامەنوسان دا و باسیشیان لە هەندێ وردەکاری ئەو سزایانە کرد کە بۆتە هۆی غەرامەکردنی رۆژنامەنووسان و هەندێجار زیندانی کردنیان، دیسانەوە دکتۆر شوان محمد عەزیز دووپاتیکردەوە کە بیروڕای ئازاد بەشێکی گرنگی بنەماکانی مافی مرۆڤە و لەسەر هەموو لایەك پێویستە پشتگیری لێ بکا و هیچ رێگرییەك لەم رووەوە دروست نەبێ، بەڵام هەندێجار کە رۆژنامەنووسان دەدرێنە دادگا و بەپێی یاسا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ، دیارە هەندێجار ناوەرۆکی نوسینەکانیان لەم سیستەمە لادەدا و حاڵی حازریش هیچ رۆژنامەنووسێك لەسەر نووسین زیندانی نەکراوە.

هەر لەم دانیشتنەدا هەردوو لا سووربوون لەسەر کارکردنی زیاتر بۆ تەواوکردنی پرۆژەی سەروەری یاسا کە لەلایەن وەزارەتەوە پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیران کراوە و وەفدی میوانیش دووپاتی ئەوەیان کردەوە کە پشتگیری تەواوی خۆیان بۆ ئەم پرۆژەیە دەردەبڕن و هیواشیان خواست کە بەزوویی پەسەند بکرێت.

هەر لەم رووەوە گفتوگۆیەکی چڕیش لەسەر کاری ئەو لیژنەیە کرا کە لەلایەن حکومەتەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی رێکخرابوو و ژمارەیەك لە وەزیرەکان تیایدا ئەندام بوون و دوای چەند کۆبوونەوەیەك و بیروڕا گۆڕینەوە پرۆژەیەك بۆ ئەم مەبەستە ئامادەکراوە و بۆ سەرۆکایەتی حکومەت بەرزکراوەتەوە، لەمەشیان وەفدی سەفارەتی ئەمریکا وێڕای دەستخۆشی لێکردنیان لەم لیژنەیە بە وەزیری مافی مرۆڤ-یان راگەیاند کە ئەوان ئامادەن بۆ هاوکاری و پشتگیریکردن لەم پرۆژەیە بە مەبەستی سەرکەوتن و چاکسازی.

هاوکات لەم کۆبوونەوە سەعات و نیویەی نێوان وەزارەتی مافی مرۆڤ و سەفارەتی ئەمریکا، وەفدی میوان مەسەلەی خەتەنەکردنی کچانی هێنایەگۆڕێ و بەکارێکی ناشارستانی وەسفکرد، لەبەرامبەردا وەزیری مافی مرۆڤ رایگەیاند، کە ئەم دیاردەیە بە رێژەیەکی زۆر کەمە و لە هەموو هەرێمەکەدا نییە، بەڵکو لە هەندێ ناوچەی بچوکدا هەیە و بۆ ئەم مەبەستە لە ئایندەیەکی نزیکدا بەهاریکاری وەزارەتی ئەوقاف گەورەترین هەڵمەتی بەگژداچوونەوەی بۆ ساز دەکەین و تیمی گەڕۆکی وەزارەت سەردانی لادێکان بەتایبەت دەکات بۆ روونکردنەوە و تێگەیاندنی هاوڵاتیان لەم دەڤەرانە کەئەم دیاردەیە دوورە لە هەموو نەریتێکی ئایینی و شارستانیی و مرۆیی.

هەر لەم دیدارەدا وەفدی میوان لە رەوشی بەندیخانەکانی پێچایەوە و تا چەند توانراوە پارێزگاری لە مافەکانیان بکرێت.

لەم رووەوەش وەزیری مافی مرۆڤ دووپاتیکردەوە کە چ لە دیوانی وەزارەت و چ لە بەرێوەبەرایەتییەکانمان لە شار و شارۆچکەکان بەبەردەوامی سەردانی ئەم شوێنانە دەکرێ و لە راپۆرتی (٣) مانگەی وەزارەت چۆنیەتی حاڵەتەکان باس دەکرێ و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی بۆ دەکرێ، تا سنورێك گۆڕانکاری باشکراوە، بەڵام هێشتا لەرووی نەبوونی بینایەتی بەندیخانەکان کێشە هەیە و زۆرجار پێشێلکارییەکان لەم پێودانگەوە سەرچاوە دەگرێ.

# وەزارەتی مافی مرۆڤ
# بەدۆسیەی حوکمی لە سێدارەدانی حوکمدراوەکاندا دەچێتەوە.

## *راگەیاندنی وەزارەت*

وەزیری مافی مرۆڤ د. شوان محمد عەزیز سەرلەبەیانی ٢٠٠٩/٦/٢٤ لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ خاتوو (کلیر میترو) سەرۆکی لقی نێردراوێتی لە کۆمیتەی خاچی سوری نێودەوڵەتی روونیکردەوە کە لەدادگا سزای لە سێدارەدان لەسەر تۆمەتبارێك دەردەچێ و دەنێردرێتە دادگای تەمیز و ئەگەر لەوێش بڕیاری کۆتایی وەرگرت بەپێی یاسا هیچ بڕگەیەکی یاسایی نییە هەڵیبوەشێنێتەوە تەنها بە رەزامەندی سەرۆکی هەرێمی کوردستان نەبێت و ئەو دەتوانێ ئەم سزایە بگۆڕێ.

راشیگەیاند وەزارەتی مافی مرۆڤ لە ئێستاوە کار لەسەر دۆسیەی ئەم کەسانە دەکات کە حوکمی لە سێدارەدانیان بەسەردا سەپاوە و لێکۆڵینەوەی ورد لە دۆسیەکان دەکات بە مەبەستی بوون و نەبوونی پێشێلکاری لەکاتی چۆنیەتی بەرێوەچوونی دادگایی کردنەکاندا و ئەنجامەکانیش بۆ لایەنی پەیوەندیدار بەرز دەکاتەوە.

لەبەرامبەردا خاتوو (کلیر میترو) هاوڕابوو لەگەڵ وەزیری مافی مرۆڤ و ئاماژەی بەوەدا کە ئەوانیش کار لەسەر ئەوە دەکەن پێداچوونەوە بە دۆسیەی ئەو کەسانە بکرێ کە ئێستاکە حوکمی لەسێدارەدانیان دراوە، چونکە هەندێکیان جۆرێك لە ئیدعائات لەکاتی دادگاییکردنەکەیان دەکەن.

هەروەها ئەو پێشنیارەشیان خستەروو کە بەنیازن کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانی ناوخۆیی لەسەر کار و ئەرکەکانی رێکخراوی خاچی سوری نێودەوڵەتی ببەستن.

بۆ ئەم مەبەستەش د. شوان محمد عەزیز پشتگیری وەزارەتی بۆ ئەم پێشنیارە دووپاتکردەوە و بەڵێنی پێدان کە هەموو جۆرە هاوکارییەك بکرێن.

لەتەوەرێکی دیکەی دانیشتنەکەدا باس لە گۆڕینەوەی بیروڕاکان کرا لەمەڕ بەرەوپێشچوونی رەوشەکە و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لەناو کۆمەڵانی خەڵك، هەر بەم بۆنەیەوە وەفدی میوان بڕیاریاندا لەچاپەمەنییەکانی خۆیاندا ژمارەیەك چاپەمەنی بۆ وەزارەت بنێرێ بەمەبەستی دابەشکردنی بەسەر بەرێوەبەرایەتییەکانی خۆی لەشار و شارۆچکەکاندا وەك بەشێك لە رێنمایی و تێگەیشتن لەکارەکانی ئەم رێکخراوە و سود وەرگرتنیان بۆ راییکردنی رۆژانەی کارەکانیان لەناو کۆمەڵگەدا.

شایانی باسە هەردوو بەرێزان تاڤگە عومەر رەشید بەرێوەبەری گشتی مافەکانی مرۆڤ و عبداللە دلێر بەرێوەبەری گشتی دیوان و تایەر تۆفیق راوێژکاری وەزارەت بۆ کاروباری بەندیخانەکان ئامادەی دیدارەکەبوون و نزیکەی سەعاتێکی خایاند.

# ڕوونکردنەوەیەك لەمەڕ ڕاپۆرتەکەی ڕێکخراوی ( لێبوردنی نێودەوڵەتی )..

بەر لە چەند ڕۆژێك ڕێکخراوی (لێبوردنی نێودەوڵەتی) ڕاپۆرتێکی تایبەت ئامێزی لەمەڕ ڕەوشی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠٠٨ بە ناوی (هیوا و ترس) بڵاو کردەوە... دیارە ئەمە یەکەمین ڕاپۆرتی ئەم ڕێکخراوەیە لەم چەشنە لەسەر هەرێمی کوردستان ... ئێمەش وەکو وەزارەتی مافی مرۆڤ پێش ئەوەی بچینە ناو ووردەکارییەکان و دەربڕینی ڕاو سەرنج و بۆچوونەکانمان لەسەر خودی ڕاپۆرتەکەی دەمانەوێ ئەمە بخەینە بەر دیدگای هەموو لایەك بە ڕێکخراوی (ئەمنستی ئەنتەرناسیونال)یشەوە کە هەرێمی کوردستان جۆرێك لە جیاوازبوونی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی عێراقی پێوە دیارە بە تایبەت ئەم هەرێمە ئەوپەڕی کراوەیی لەسەر جیهان بەگشتی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان بە تایبەتی و سەردانیکردنیان بە مەبەستی نوسینی ڕاپۆرتەکانیان لەسەر ڕەوشی مافی مرۆڤ لەم دەڤەرە پێوەدیارە.

ڕێکخراوی ناوبراو لە مانگی ئایاری (٢٠٠٨) هاتنە کوردستان و لەم سەردانەیاندا چوونە ئاسایش و لە نزیکەوە بەندیخانەی ئاسایش و هەر چی بەندیخانەیەکی دیکەی ویستبێتیان بە سەریانکردەوە و لەگەڵ لێپرسراوانی حکومی و ڕێکخراوەکان دیداریان سازدا بە شێوەیەکی ئازادانە بیروڕایان گۆڕییەوە...

هەر لەم ڕوانگەیەوە ئێمە وەکو وەزارەتی مافی مرۆڤ بایەخپێدانێکی تایبەت دەدەینە ناوەڕۆکی ئەم ڕاپۆرتانە لەبەر ئەوەی ئەم ڕێکخراوانە خاسیەتێکی گرنگی هەیە و لەسەر ئاستی جیهان و دەوروبەردا ناسراون و جۆرێك لە سەنگی خۆیان هەیە، هەروەها بۆ تاقیکردنەوە نوێیەکەی وەك وڵاتانی ئێمەش ئامرازێکی سوودبەخشانەیە تا لە سایەیدا سوود لە ئەزموونەکەیان وەربگیرێ و کاردانەوەیخۆشی هەبێت بۆ سوودوەرگرتن لە بەرەوپێشوەبردنی ڕەوشی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان ... تێڕوانینێکی دیکەی وەزارەتی مافی مرۆڤ — یش لەم ڕاپۆرتانەدا ئەوەیە کە دەبێ ئەم ڕێکخراوانە ڕەچاوی دروستی ئامار و شوێن و ناو و ئەو کەرەستانەی ئاماژە پێدەدەن بکەن تا ئێمەش لە لای خۆمانەوە بەدواداچوون لەسەر ئەم خاڵانە بکەین، بۆ ئەمەش زەرورییەتە لە ڕاستی ئامار و کەسە زۆلملێکراوەکان بەر لەوەی ڕاپۆرتەکانیان بڵاو بکەنەوە ئاگادارمان بکەنەوە تا بە دڵنیاییەوە حەقیقەتەکانیان بۆ بخەینە ڕوو بۆ نموونە:

لە بەشێکی ڕاپۆرتەکەیاندا ناو و وێنەی (١٣) کەسیان بڵاوکردۆتەوە کە ئەم کەسانە بەر لە ماوەیەکی گەلێك زۆر و لە ئەنجامی بەدواداچوونی وەزارەتی مافی مرۆڤ ئازاد کراون و ئێستا لە دەرەوەی بەندیخانەن..

ڕاپۆرتی ئەمجارەی ڕێکخراوی (لێبوردنی نێودەوڵەتی) جەختی لەسەر سێ تەوەری سەرەکی کردۆتەوە کە ئەمانەن:

١– ڕەوشی زیندانیان و بەندیخانەکان و ڕۆلی ئاسایش

٢– ڕەوشی ڕۆژنامەنووسان

٣– توندوتیژی دژی ژنان

وێرای ئەوەی وەکو وەزارەتی ماف مرۆڤ ئەم راپۆرتە بە شێوەیەکی گشتی بە ئیجابی وەسفدەکەین، چونکە هەردوو لایەنەکەی خستۆتە روو و لەسەرەتای راپۆرتەکەیدا باس لەو گۆڕانکاری و پێشکەوتنە دەکات کە لە بواری ماف مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان هاتۆتەکایەوە و ئاماژەش بەوەدەدا کە ژمارەیەکی زۆر لە رێکخراوەکان لەم دەڤەرە کاردەکەن و سەدان کەس لە زیندانەکان بەر یاسای لێبوردنی گشتی کەوتون و ئازادکراون و ژمارەیەك یاسای نویٛ کە پەیوەندی بە رەوشی ماف مرۆڤەوە هەیە دەرکراوە لە مانە یاسای رۆژنامەنووسیی و یاسای لێبوردنی گشتی و یاسای دژە تیرۆر و ... هتد، هەروەها باسیشی لە هەمواركردنی چەندین یاسا کردوە وەك:

یاسای باری کەسێتی... ئینجا دێتە سەر باسکردن لە هێنانەکایەی چەندین هۆکاری نویٛ بۆ چاودێری کردنی رەوشی ماف مرۆڤ وەکو دامەزراندنی بەرێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان و دامەزراندنی بۆردی راوێژکاری لە لایەن وەزارەتی ماف مرۆڤ کە ژمارەیەکی بەرچاو لەو رێکخراوە ناحکومیانەی تایبەتمەندیتیان هەیە لە بواری ماف مرۆڤ تیایدا ئەندامن بە مەبەستی تاوتوێکردن و بە دواداچوون و گفتوگۆ کردن لەسەر ئەم رەوشە لە هەرێمەکەدا.

بەشێکی دیکەی راپۆرتەکە رەخنەگرتنە لە دەزگاکانی ئاسایش بەوەیان وەسفدەکات کە لە دەرەوەی دەسەلات کاردەکەن و گرتنی هاولاتیان بە هەڕەمەکی ئەنجامدەدەن و ئەشکەنجەی هاولاتیان دەدەن و چەندین نموونەشیان لەم رووەوە هێناوەتەوە، ئێمە وەکو وەزارەتی ماف مرۆڤ سالٚی (٢٠٠٨) پەیوەندیمان بە رێکخراوی ناوبراو کردوەو زانیاری تەواومان لەسەر حالەتەکان داونەتیٛ و کە زۆربەیان هی سالانی بەر لە سالٚی (٢٠٠٨) بوە و لەگەلٚ هاتنیشمان لە کابینەی پێنجەم کاری جیدیمان بۆی کردوە و ئیجرائاتی بۆ وەرگیراوە و زۆربەشیان چارەسەرکراون، تەنها چەند حالەتێك نەبێت کە لەوەش هەر خۆمان ئەوانمان لێی ئاگادارکردۆتەوە کە تاکو ئێستاکەش هەر ماوە و چارەسەر نەکراون و ناوی کەسەکانیشمانبە ئەوان داوە و بۆ ئەمانەش لە بەدواداچوون و کارکردن نەوەستاوین بۆ ئەوەی لە داهاتودا چارەسەر بکرێن.

دوا بە دوای ئەمەش هەر لەگەلٚ دروستبوونی وەزارەتی ماف مرۆڤ لەم حکومەتەی ئەمجارە جەختمانکردۆتەوە و کاریشمان بۆ کردوە و چاودێریشمانکردوە کە نابیٛ هیچ کەسێك بە بیٛ بڕیاری دادوەر و بڕیاری دەسگیرکردن (مذكرة القبض) بگیریٛ و دەبێت پارێزەری تایبەتی خۆی هەبێت و بە بەردەوامی خانەوادەکەی ئاگاداری

ژیانی رۆژانەی بن و تاوانەکەشی دیارییکرێ و لە ماوەی یاساییدا پرۆسەی دادگاییکردنی کۆتایی بێت، بۆیە ئەم خاڵانەی کە ئاماژە پێدراوە لە راپۆرتەکەدا کۆنە و هی ساڵی (٢٠٠٨) نین و چارەسەری بۆ دۆزراوەتەوە.

هەر لەم راپۆرتەدا باس لە بوونی زیندانی سیاسی کراوە لە زیندانەکانی هەرێمی کوردستان... دیسانەوە وەکو وەزارەتی مافی مرۆڤ رایدەگەیەنین بە پێی بەدواداچوون و سەردانیکردنمان بۆ زیندانە رەسمیەکان هیچ حاڵەتێکی زیندانی سیاسی بەدینەکراوە و لە کاتی خۆشیدا ئیعلانی ئەو خاڵەمانکردوە و بەڵکو ئەوانەی لە راپۆرتەکەدا بەم ناوەوە ناوزەدکراون هەموویان پەیوەندییان بە کاری تیرۆریستیەوە هەیە، نەك ئەندامی هیچ حیزبێکی ئیسلامی بن... دەربارەی ئەوەش کە زیندانی نهێنی هەبێت حاڵی حازر تاکو ئێستا واتە لە ساڵی (٢٠٠٨) کەسێك نەهاتۆتە بەرێوەبەرایەتی سکاڵا لە وەزارەتی مافی مرۆڤ سکاڵا تۆمار بکات و ئیدیعای ئەوە بکات لەم ساڵەدا لە زیندانێکی نهێنی گیرابێ تا ئێمەش بە زوویی بەدواداچوونی بۆ بکەین  کە واتە بە پێی ئەو سیستەمە فەرمیەی کە وەزارەت دایڕشتوە بۆ بەسەر کردنەوەی بەندیخانەکان پێمان شکناێ ساڵی (٢٠٠٨) زیندانی نهێنی هەبووبێت.

بۆ کێشەی رۆژنامەنووسانیش وەزارەتی مافی مرۆڤ هەموو پێشێلکارییەك بۆ سەر بیروڕای ئازاد و خودی رۆژنامەنووسان رەتدەکاتەوە و لە کاتی روودانی هەر پێشێلکارییەکیش دژی رۆژنامەنووسان بەیاننامەی ئیدانە کردن و لەکاتی دەسگیر کردنیشیان بە زوویی هەوڵی ئازادکردنیانمانداوە، نموونەش کارکردنمانبوو بۆ بەردانی بە زوویی نووسەر و رۆژنامەنووس(د.عادل حسین)، لە هەمان کاتیشدا رایدەگەیەنین کە یاسای رۆژنامەگەری لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٨ بڵاوکراوەتەوە بە شێوەیەکی باش جێبەجێنەکراوە و کارکردنی زیاتری دەوێت بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی باشتر جێبەجێبکرێ و هەر پێشێلکارییەکیش کرا بێ سەندیکای رۆژنامەنوسان لە راپۆرتەکانی خۆیان ئاماژەیان  پێداوە و بە دواداچوونی ووردیشیان لە دۆسیەکان کردوە.

هەر لە راپۆرتەکەدا باسی توندوتیژی دژی ژنان کراوە، وێرای ناخۆشحاڵیمان بەرامبەر بەم دیاردە ناشارستانیەتە رایدەگەینین کە ئەم دیاردەیە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، بەڵام حکومەتی هەرێم لە میانی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان دەستە وەستان نەوەستاوە و هەنگاوی عەمەلی و باش بۆ بەرەنگاربوونەوەی نراوە و پرۆژەی سوودمەندی بۆ تەرخانکراوە لەمانەش پرۆژەی هاوبەشی وەزارەتی مافی مرۆڤ و قونسولیەی (بەریتانیا) لە هەولێر کە هەڵمەتێکی هۆشیارکردنەوە بوو لە گوندەکانی کوردستان و گفتوگۆ کردنێکی رووبەروو بوو لەگەڵ ژنان بۆ دەرخستنی هۆکارەکانی ئەم دیاردەیە و بە پێی ئامارە فەرمییەکانیش ئەم دیاردەیە لە چاو ساڵانی رابردوو کەمی کردۆتەوە و ئامارەکان دەریدەخەن  جاران لە مانگێکدا (٤٠) کچ و ژن

رووبەرووی کوشتن دەبوونەوە، بەڵام ئێستا ئامارەکان مانگانە ناگاتە(١٠) کچ و ژن ئەمەشیان هەر کارەساتێکی دڵتەزێنە و کاری زیاتری دەوێ تا هەر بە تەواوی بنبڕ بکرێ.

وەکو وەزارەتی مافی مرۆڤ دووپاتیدەکەینەوە راپۆرتی (ئەمنستی ئەنتەرناسیونال) بە شێوەیەکی گشتی بە کارکردنێکی باشی وەسفدەکەین و کاریش لەسەر راسپاردەکانیان دەکەین و هیواداریشین لە راپۆرتەکانی ئایندەیاندا جۆرێك لە ووردبینی تەواوی تێدا بێت و رۆلی گرنگتر بگێڕن لە دروستکردنی پەیوەندییەکانیان تا ئامار و حاڵەتەکان دروستتر بن ، ئەمەش لە قازانج و بەرەوپێشەوە چوونی رەوشی مافی مرۆڤە لە کوردستان بە تایبەت ئەمەشیان لێ ڕەچاو دەکرێ، چونکە ئەوان خاوەن ئەزموونێکی دەوڵەمەندن لەم بوارەدا.

**وەزارەتی مافی مرۆڤی**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**٢٠٠٩/٤/٢٠**

# حکومەتی هەرێمی کوردستان

## وەزارەتی مافی مرۆڤ

## لیژنەی بەدواداچوونی توندو تیژی دژی مێینە

**سەرچاوەکان : بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندو تیژی لە وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ**

## ئامارەکانی کووشتن و سووتانی مێینە بۆ ساڵی 2009

| مانگەکان | هەولێر | | سلێمانی | | دهۆک | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کوشتن | سووتان | کوشتن | سووتان | کوشتن | سووتان | کوشتن | سووتان |
| مانگی ١ | 1 | 14 | 2 | 5 | 1 | 6 | 4 | 25 |
| مانگی ٢ | 1 | 13 | 3 | 14 | 1 | 9 | 5 | 36 |
| مانگی ٣ | 3 | 8 | 2 | 15 | 1 | 7 | 6 | 30 |
| مانگی ٤ | 1 | 3 | 1 | 13 | 1 | 6 | 3 | 22 |
| مانگی ٥ | 3 | 2 | 1 | 10 | 0 | 6 | 4 | 18 |
| مانگی ٦ | ١ | ٢ | ٠ | ٣ | ٠ | ٥ | ١ | ١٠ |
| مانگی ٧ | | | | | | | | |
| مانگی ٨ | | | | | | | | |
| مانگی ٩ | | | | | | | | |
| مانگی ١٠ | | | | | | | | |
| مانگی ١١ | | | | | | | | |
| مانگی ١٢ | | | | | | | | |
| کۆی گشتی | ١٠ | ٤٢ | ٩ | ٦٠ | ٤ | ٣٩ | ٢٣ | ١٤١ |

# ڕاپۆرتی بەشی

# بەندیخانە

# راپۆرتی بەشی بەندیخانەکان بۆ مانگەکانی
# (نیسان ، مایس ، حزیران / ٢٠٠٩)

## بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەوران وفەرماندەی گرتن وگواستنەوە / هەولێر :

لەرێگای بەڕێوەبەرایەتی بەندیخانەکان لەدیوانی وەزارەت بەشێوەیەکی دەوری و بەردوام سەردانی بەندیخانەکانی چاکسازی و بەندیخانەکانی ئاسایش کراوە لەسنوری شاری هەولێر ئەمەش بە مەبەستی لەنزیکەوە ئاگاداربوون لە رەوشی بەندکراوەکان لەسەرجەم لایەنەکانی ژیان لەبەنیخانەدا، هەروەها لەم ماوەیەدا بەدواداچونی پێویست کراوە بۆ سەرجەم ئەوسکالاو کێشانەی کەپیوەندیداربوون بە بەندیخانەکان و ژیانی بەندکراوان و هەوڵی چارەسەرکردن و بەدی هینانی مافەکانیاندراوە .دواین ئامار بۆمانگی (٦) ژمارەی بەندکراوان لە بەشی سزادراوان(٤٣٩) حوکمدراو وە لەبەشی راگیراوان (٢٧٢) بەندکراوی راگیراوە.

## بەشی حوکمدراوەکان :

١- ژمارەیەك لە بەندکراوی حوکمدراو لەم بەڕێوەبەرایەتیەدا بەگۆتەی خۆیان ئەوماوانەیان بۆ هەژمار نەکراوە کە لە بەندیخانەکانی ئاسایش دەستگیرکراون(مدە التوقیف)، واتا بەپێی یاسا ئەو بەندکراوەی کە سزا ئەدرێت بە مادده یەکی یاسای ئەبێت لەیەکەم رۆژی دەستگیرکردنیەوە بۆی هەژمار بکرێت .هەر بۆیە داواکارن لەم بارەیەوە کار بکرێت بۆگێرانەوەی ئەم مافە یاسایانە.

٢- بەندکراوەکان بەشێوەیەکی گشتی داواکاری ئەوەیان هەبووە کە لە کاتی بەسەربردنی ماوەی حوکمەکانیان سیستەمی (اجازە) کاری پێبکرێت تاوەکو لە توانایان دا هەبێت بە پێی یاسا بتوانن بە (اجازە) بگەڕێنەوە ناو خێزانەکانیان. بەتایبەتیش ئەو بەندکراوانەی ماوەیەکی زۆریان لە کاتی حوکمەکانیان لەبەندیخانە بەسەر بردوەو رەوشتیان روو لە باش بوونە .

٣- بەهۆی بچوکی نەگونجاوی بینایەی ئەم چاکسازیەوە حوکمدراوەکان ناتوانن وەك پێویست بێنە بەر رۆژ بۆیە داواکاری ئەوەیان هەبوو کاتەکانی چونە بەر رۆژیان زیادبکرێت

٤- سەبارەت بەجۆری خواردنی پێشکەش کراو بە گوێرەی خشتەیەکی گونجاو خواردن بۆ بەندکراوەکان دابین دەکرێت کە لەروی بڕو جۆرەوە و زۆر باشە .

٥- لەرووی سەردان و چاوپێکەوتن هیچ گلەیەکیان نەبوو وە بەپێی خشتەیەکی تایبەت کاتی سەردان ڕێکخراوە، بەڵام شوێنی چاوپێکەوتنەکەیان سەری واڵایەو گونجاو نیە بۆ چاوپێکەوتن لە وەرزەکانی هاوین و زستان.

٦- مامەڵەی کارمەندان لەگەڵ بەندکراو و کەس وکاری بەند کراوەکان باشە.

٧- خولی دوورمان بۆ بەندکراوان کراوەتەوە.

## بەشی ڕاگیراوان:

١- مانەوەی هەندێك ڕاگیراو بۆ ماوەی زیاتر لە ماوەی یاسای بێ دادگایی کردن .ئەمەجگەلەوەی ڕاگیراوەکان سکاڵایان دەربارەی درێژەکێشانی قۆناغەکانی دادگایکردن هەبوو کە هەندێك جار بۆماوەوەیەکی زۆر ڕاگیراو بەم هۆیەوە لە بەندیخانەدا ئەمێنێتەوە .

٢- ڕاگیراوەکان داوا دەکەن هەفتەی جارێك ڕێگەیان پێ بدرێت کە بە تەلەفۆن پەیوەندی بە خێزانەکانیانەوە بکە٠

٣- ڕاگیراوەکان داوادەکەن ریگەیان پێبدرێت کاتێکی زۆرتر بێنە دەرەوە وبهێندرێنە بەر رووناکی تیشکی خۆرو هەوای پاك.

٤- خواردن لەرووی جۆرو چەندایەتی و پاك وخاوێنیەوە زۆر باشە ڕاگیراوەکان هیچ گلەییان نەبوو .

## یەکەم : بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان ونەوجەوانان/هەولێر:

لەماوەی سێ مانگی (٦،٥،٤) چەندین جار لەلایەن بەشی بەندیخانەکانی دیوانی وەزارەت سەردانی ئەم بەڕێوەبەرایەتیەکراوە بەدواداچونی جدی کراوە بۆ سەرجەم ئەو کیس وکێشانەی کە پەیوەندیان بە بەندکراوەکان و بەڕێوەبەرایەتیەکەوە هەبووە وە هەوڵی چارەسەرکردنیان دراوە . لەگەڵ داواکاری گشتی بەڕێز(کاك جەودەت ) کۆ بوونەوەو گفتوگۆکرا سەبارەت بەسکاڵای بەندکراوانی ( ژنان ونەوجەوان). وباس لەدروستکردنی پەیوەندی و هەماهەنگی کرا لەنێوانماندا بۆ ئەوەی بەیەکەوە چارەسەری کێشەکان بکەین وببین بە پارێزەری مافی بەندکراوەکان بۆ دابینکردنی مافەکانیان٠

ئەم تێبینیانە لەم ماوەیەدا بەدیکراوە ئەمانەن:.

١- لەرووی بیناوە ئەم چاکسازیە هیچ گۆرانێکی بەسەردا نەهاتوە تائیستا چارەسەری ئاوەرۆکەی نەکراوە بەردەوام ئەگیرێت و لە هەندیك جێگادا ئاوەرۆکەی دێتەدەرەوە بۆیە مەترسی بلاّو بونەوەی نەخۆشی لێدەکرێت پێیویستە بە زووترین کات چارەسەربکرێت . سەرەرِای ئەوەی ئەم ئاوەرۆیە لەدەرەوەی ئەم چاکسازیەشدا کێشەی بۆ ماڵەکانی دەوروبەری درووستکردوە ئەچێتەوە بەردەم ماڵکانیان لەم بارەیەوە سکالاّیان هەبوو.

٢- لەخانەی تێبینی وهەندێك لە هۆڵەکانی بەشی نەوجەوانان پاکو خاوێنی لە ئاستی پێویستدانیە.

٣- لە خانەی تێبینی ئامێرەکانی (سپلیت) لەکارکەوتوون، هەوای هۆڵەکانی زۆر گەرمە و داواکاربوون هەرچی زووترە بویان چاك بکرێتەوە.

٤- سەبارەت بە ژەمەکانی خواردن بەشێوەیەکی رێکوپێك بەپێی خشتەیەکی تایبەت لەکاتی خۆیدا دابەشدەکرێت ونەوجەوانەکان هیچ نارەزایەکیان نەبوو.

## بەشی ئافرەتان :

١- لە رووی پاکوخاوێنیەوە ئەم بەشە پاکوخاوێنیەکی بەرچاوی پێوە دیارە .

٢- هیچ سکالایەك لە جۆر وبرِی خۆراکی ژەمەکان نەبوو.

٣- سەبارەت بە چاودێری و خزمەتگوزاری تەندروستی ژنان هیچ سکالاّیەك نەبوو ئێستا لە بنکەی تەندروستیەکەدا هەفتانە دکتۆری تایبەت بە ژنان لەم بنکەیەدا نەخۆشە ژنەکان ئەبینێت.

٤- ژمارەیەك لە راگیراوی ژن لەم چاکسازیەدا تەنها بۆ پاراستنی گیانیان لەلایەن دادوەرەو راگیراون،بەجۆرێك بەهیچ مادەیەکی یاسای تۆمەت بارنەکراون ، بۆئە واپێویست بۆ ئەم جۆرە کەسانە شوێنیکی تایبەت هەبێت پارێزگاری لە ژیانیان بکات نەوەك تێکەڵ بکرێن لەگەڵ کەسانی تاوانبار وەك بەندکراو سیر بکرێن .

٥- چەند بەندکراوێك لەم چاکسازییەدا بە هۆی نەبوونی کفیل نەتوانراوە ئازاد بکرێن.

٦- دوابەدوای ئەوەی هەندێ لەو ئافرەتانەی کە لە چاکسازیین و منداڵەکانیان لە گەڵیانن ئاماژەیان بە پێویست بونیان دەکرد بۆ منداڵەکانیان وەزارەتمان هەڵسا بەدابینکردنی پێداویستیەکانیان و زۆر خۆشحال بوون.

## دووەم – بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی/ هەولێر:

### ١– بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی:

لە میانە ی سەردانمان بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی هەولێر ، تێبینی ئەم چەند خاڵانەی خوارەوەمان کرد:

١- ژمارەی بەندکراوان لەم ماوەیەدا روو لەکەم بوونە بەبەراورد لەگەڵ کاتەکانی تر بەجۆرێك ژمارەی بەندکراوان بۆمانگی حوزیران تەنیا (٦٠) بەندکراوە کە بە تۆمەتی جیاجیا گیراون ، ئەمەش لەئێستادا بۆتە هوی ئەوەی کێشەی تەنگی شوین تارادەیەك نەمێنیت.

٢- ژمارەیەك دەستگیرکراو هەیە بۆماوەی چەند سالێکە گیراون وتائیستا کێشەکانیان یەکلایی نەکراونەتەوە هەر لەچاوەڕوانیدان، بۆیە ئەم گیراوانە داواکارن بەزووترین کات کێشەکانیان یەکلایی بکرێتەوە .

٣- پزشکیکی تەندروستی بە بەردەوامی سەردانیان دەکات، بەلاّم لە بەر هەندێك لە نەخوشیەکانی پێست و دڵ و هەناو، پیویستیان بە پزیشکی پسپۆر هەیە وە هەندیك جار ئەو داو دەرمانانەیان بە دەست ناکەوێ کە پێویستیان پێیەتی بۆیە داوادەکەن دەرمانی پێویستیان بۆ دابین بکرێت.

٤- ژەمەکانی خواردن بە پێی خشتەیەکی دیاریکراو بەسەر بەندکراوان دابەش دەکرێت ، وە هیچ سکالاّ و گلەییەکیان لەسەر جۆر و بڕی خواردن نەبوو.

٥- لە ڕۆژیکدا چەند جارێك دەهێندرێنە بەر خۆر وکیشەی خۆشتن وسەر ئاویان نیە، بەلاّم لە شەو کێشەی چوونە سەر ئاویان هەیە کەناتوانن لەکاتی پێویستدا بچن بۆسەر ئاو .

### ٢– ئاسایشی هەولێر:

(١) ژمارەیەك لە راگیراوەکان ماوەی مانەوەیان لە بەندیخانەکە لە کاتی یاسایی خۆیدا تێپەڕی کردووە بەبێ ئەوەی کێشەکانیان لە لایەن دادگاوە یەکلایی بکرێتەوە.

(٢) بینای بەندیخانەکە و هۆڵەکانی بەندکردن ، گونجاوەو هیچ کێشەیەك نییە.

(٣) لەلایەنی پاکوخاوینی وتەندروستیەوە پارێزراوەو رەچاوی پاکوخاوینی دەکرێت لە بەندیخانەکە بە گشتی.

(٤) خواردن و سەردانیکردن و خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان زۆر باشە و هیچ گلییەکیان نەبوو، ئەمە سەرەڕای ئەوەی بنکەیەکی تەندروستی لە بەندیخانەکە بوونی هەیەو و هەفتانە پزیشکی تایبەتمەند سەردانیان دەکات و ئەگەر پێویستی بە رەوانەکردن هەبێت بۆ نەخۆشخانە ، رەوانەدەکرێت.

(٥) راگیراوەکان بەشێوەی گشتی لە هەڵسوکەوتی کارمەندانی ئاسایش رازی بوون.

## راپۆرتی نوسینگەی مافی مرۆڤ لە کۆیە :

لە راپۆرتی کاروچالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤ لە کۆیە بۆ مانگەکانی ( نیسان ،ئازار، حوزیران ) سەبارەت بە بەدواداچوون و بەسەرکردنەوەی بەندیخانەکان و بە مەبەستی هەڵسەنگاندن و ئاگاداربوون لە ڕەوشی زیندانییەکان لە سنووری شاری کۆیە ، بەشی بەندیخانەکانی سەردانی هەریەك لە : بنکەی گرتن و گواستنەوەی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کۆیە و بەندیخانەی بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی رۆژهەلاتی هەولێریان کردوە وە ئەو تێبینیانەی لەم سەردانانەدا بەدی کراوە بەم شێوەیە بووە:

## بنکەی گرتن و گواستنەوەی بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی کۆیە :

١- نەبوونی هیچ بلاَوکراوە و چاپەمەنیەك جگە لە رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) کە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی کۆیەوە بۆ ئەم بنکەیە دابین دەکرێت .

٢- نەبوونی کادری کۆمەلاَیەتی لە م بنکەیە .

٣- تاوەکو ئێستا کارمەندی پاك کەرەوە دانەمەزراوە سەرەرای نەبونی مەرجی تەندروستی لەم بنکەیە.

٤- نەبوونی ئامێرەکانی فێنك کەرەوە و گەرمکەرەوە لە وەرزەکانی هاوین و زستان.

٥- نەبوونی جلو بەرگی تایبەت بە بەندییەکان لە ناو بەندیخانەکە.

٦- نەبوونی شوێنێکی تایبەت بە وەرزش لە ناو بەندیخانەکە.

٧- سەردانیکردنی (پزیشك و سەرتاش) بۆ بەندیخانەکە بە شێوەیەکی ریکوپێك ئەنجام دەدرێت.

٨- بەندییەکان هیچ ڕەخنەیەکیان نەبوو لە جۆری خواردن و کاتی دابەشکردنی.

٩- مامەڵەو هەڵسوکەوتی کارمەندەکان لەگەڵ بەندییەکان گونجاوە.

## بەندیخانەی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی ڕۆژهەلاّتی هەولێر:

**١-** بەشێوەیەکی گشتی لەماوەی مانگەکانی(٤،٥،٦). ژمارەی بەندکراوان لەم بەندیخانەیەدا زۆر کەم بووە.

٢- ئەم شوێنەی کراوەتە بەندیخانە لە ڕووی تەندروستیەوە شوێنێکی گونجاو نیە ، بۆ ئەم مەبەستەش دروست نەکراوە و پێویستە شوێنێکی تایبەت بۆ بەندییەکان دروست بکرێ .

٣- نەبوونی شوێنی تایبەت بە وەرزش لە ناو بەندیخانەکە.

٤- لە ڕووی هەڵسوکەوتی کارمەندانی بەندیخانە لەگەڵ بەندکراوەکان, هیچ جۆرە پێشیلکارییەك بەدی نەکراوە و بەندییەکان لەم رووەوە سکالاَیان نەبووە.

٥- لە ڕووی دابینکردنی ژەمەکانی خواردن بە ڕێك و پێکی و لە کاتی دیاریکراودا دابەش دەکرێت.

٦- لە ڕووی خزمەتگوزاری وەك (پزیشك و سەرتاش) لە کاتی پێویست سەردانیان دەکرێت.

٧- لە ڕووی پێویستیەکانی ئاو و کارەباو ڕووناکیەوە هیچ گرفتێك نەبووە.

## سۆران :

### گرتوخانەی بنکەی پۆلیسی سۆران :

١- ئەم گرتوخانەیە لە رۆژی ٢٠٠٩/٤/١٢ ئاگری لێکەوتۆتەوەو زەرەری مادی زۆری لێکەوتۆتەوە ، هۆکاری ئاگر کەوتنەوەکەش شۆرتی کارەبا بووە. وە گشت راگیراوەکان بۆ بنکەکانی پۆلیسی رواندز و دیانا گواستراونەتەوە بۆ ماوەیەك ، دواتر گەڕاندراونەتەوە هەمان بنکە ، هەرچەندە شوێنەکە بۆنی سوتانەکەی هەرلێدێت ، هەروەها بۆری حمام و ئاودەستەکانی دەگیرێن و ئەم گرفتە بە بەردەوام دوبارە دەبێتەوە.

٢- شوێنەکە بچوکە و ئەمەش گرفت بۆ گرتوەکان دروست دەکات ، چونکە ژمارەی گرتوەکان زۆر بووە و سەرەڕای ئەوەی نەتوانراوە گرتوەکان بەپێی تەمەن و جۆری تۆمەت پۆلین بکرێن.

٣- رەفتاری کارمەندانی گرتوخانەکە لەگەڵ گرتوەکان باشە و هیچ کێشەی ئەشکەنجەدانیان نەبوو ، هەروەها چاوپێکەوتنیان ئاساییە لەگەڵ کەسوکاریان ، و لەکاتی نەخۆش بوونیان رەوانەی نەخۆشخانە دەکرێن.

## گرتوخانەی بنکەی پۆلیسی دیانا :

١- بەندیەکانی گرتوخانەی بنکەی پۆلیسی سۆران گواسترابونەوە بۆ ئەم گرتوخانەیە ، پاش ئەوەی ئاگر لە گرتوخانەی بنکەی پۆلیسی سۆران کەوتبووەز

٢- بەندیەکان هیچ گلەییکیان نەبوو دەربارەی خواردن وپاك وخاوێنی ، بەلاّم لەلایەنی (سپلت و سەتەلایت و تلفزیون و قەریولە خەوتن) گرفتیان هەبوو.

## گرتوخانەی ئاسایشی ناو شاری سۆران :

١- بەندیەکان هیچ گرفتێکیان نیە پێداویستیوکانی وەك خواردن و سپلت و تلفزیۆن و ئاوی گەرم و سارد بۆدابینکراوە،

٢- هەڵسوکەوتی کارمەندەکان لەگەڵیان باشەو راگیراوەکان هیچ سکاڵایەکیان نەبوو لەم بارەیەوە.

٣- لەکاتی نەخۆش کەوتنی هەر بەندکراوێك راستەوخۆ رەوانەی نەخۆشخانە ئەکرێت .

٤- ئەوەی جێگای تێبینیە ، نەبوونی قەرێولەو خراپی شوێنی بەندیەکانە ، کە پێویستی بە نۆژەنکردنەوە هەیە.

## گرتوخانەی بنکەی پۆلیسی رواندز:

بەندیەکانی گرتوخانەی سۆران گواسترابونەوە بۆ ئەم گرتوخانەیە ، لە ڕووی کەلو پەل گرفتیان هەیە بەلاّم هەڵسوکەوتی کارمەندان لەگەڵیان باشە و چاوپێکەوتنیان ئاساییە لەگەڵ کەسوکاریان.

بەندیەکانی ئەم سنورە لەلایەن بنکەکانی پولیس و ئاسایشەوە راگیراون ، بەشێوەیەکی گشتی سەبارەت بەهەڵسوکەوت و خواردن وخواردنەوە گرفتیان نیە ، بەلاّم لە لایەنی پزیشکیەوە ، جگە لە دیتنی پزیشك هیچ هاوکاری داوودەرمان ناکرێن ولەسەر خەرجی خۆیان دەرمان دەکرِن.

## بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی سلێمانی :

ئەم بەڕێوەبەرایەتییە بە بەردەوامی سەردانی بەندیخانەکانی سنوورەکەیان دەکەن و لە بارودۆخ و رەوشی بەندکراوەکان دەکۆڵنەوە.
سەرباری سەردانی کردنی بەندیخانەکان ، لەم ماوەیەدا چەندین بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە بۆ سەرجەم ئەو سکاڵاو داواکاریانەی کە پەیوەند بوون بە رەوشی بەندیخانەکان و ژیانی بەندکراوەکان ئەنجامدراوە ،و هەوڵی دۆزینەوەی رێگەچارەی گونجاودراوە بۆ کێشەکان.

## بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی کۆمەڵایەتی / بەشی (گەوران ، ژنان ، نەوجەوانان):

### بەشی گەوران:

لەدواین سەردانیدا لەم چاکسازیەدا ژمارەی بەندکراوان (٦٧٧) بەندکراوی سزادراو هەبووە کە بە سزای جۆراوجۆر لەلایەن دادگاوە سزادراون.

١- لەم بەشەدا زۆری ژمارەی بەندکراوەن ونەگونجاوی قەبارەو نەخشەی بینایەکەی چەندین کێشە وگرفتی دروستکردوە بۆبەندکراوەکان و ئیدارەی بەندیخانەکە کە بەشێوەیەك لەهەر هۆڵێکدا نزیکەی (٥٠-٦٠) سزادراوی تێدا بەندکراوە کە ناتوانن بە ئاسانی بچنە توالێت و خۆیان بشۆن هەروەها ئەبێتە هۆی روودانی کێشەی کۆمەلایەتی نەگونجاو کۆنترۆڵکردنیان کارێکی قورسو ئەستەمە بەم شێوەیە .
٢- دەربارەی خواردن و ژەمەکانی خواردن بەگوێرەی خشتەیەکی تایبەت لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا دابەشدەکرێت بەشێوەیەکی ریکوپێك.
٣- سەبارەت بە رۆژانی سەردانیکردن لە لایەن کەس وکاری بەندکراوەکان هەفتەی دوو رۆژ بۆ ئەم مەبەستە دیاریکراوە هیچ کام لەسزادراوەکان سکالایان نەبوو.
٤- سەبارەت بە پرۆسەی چاکسازی کۆمەلایەتی لەم چاکسازیەدا بەشێکی تایبەت بەم کارە هەیە کە لەرووی زانستی و ئیداریەوە سەرچاوەیەکی سەرەکی جێبەجێکردنی پرۆسەی چاکسازین ،کەچی تەنها دوو توێژەری کۆمەلایەتیان هەیە ئەم ژمارەیەش بەهیچ شێوەیەك گونجاونیە بەبەراورد لەگەڵ ژمارەی بەندکراوەکاندا، بۆیە لە توانایاندانیە بەکارەکانی خۆیان هەڵسن .

**بەشی نەوجەوانان و ژنان :**

لەدواین سەداندا ژمارەی نەوجەوانانی (١٧) کەس ژنان (٢٨) کەس بووە بەشێوەیەکی گشتی گرفتی هەردووك بەشەکە نەبونی شوێنێکی گونجاوە بۆ کاتەکانی چاوپێکەوتن ئەمە جگە لەوەی لە بەشی ژنان ژمارەیەك لەبەندکراو کە لەهەمانکاتدا هاوسەرەکانیان گیراون داوای کردنەوەی (بیت الشرعی )دەکەن. نەبونی گۆرەپانێکی تایبەت بە وەرزش لە بەشی نەوجەوانان گرفتێکی تری ئەم بەشەبوو بۆیە داواکاربوون یاریگایەکی تایبەتیان بۆ دابمەزرێنن . دەربارەی جەمەکانی خواردن لەرووی چۆنیایەتی و جۆرەوە و کاتی دابەشکردن هیچ گازاندیەکیان نەبو.

## بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی /سلێمانی

بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی سلێمانی بریتیە لەدەزگایەکی سەربەخۆ کە راستەوخۆ سەربە ئەنجومەنی وەزیرانەو سەرجەم بەرێوەبەرایەتیەکان و دەزگاکانی ئاسایش لەسنوری پارێزگای سلێمانی لەخۆدەگرێت ،ئەرکی ئەم دەزگایە بریتیە لە پاراستنی ئەمنی قومی ودابینکردنی ئارامی و ئاسایش بۆ هاولاّتیان رێگریکردن لە کاری ئاژاوەگێری وتێکدەرانە لەسنورەکەدا.ئەم دەزگایە بەندیخانەی تایبەت بە خۆی هەیە کەبەتۆمەتی جیاجیا بەندکراوەکانی راگیراوە وەکو:. (تیرۆر،کوشتن،تەزویر، مادەی بێ هۆشکەر، رفاندن،سنوربەزاندن، سیخوری).

بنکەی سەرەکی بەندیخانەکانی ئاسایش لەناو پارێزگای سێمانی دەکەونە دوو جێگەوە:-

١. بەندیخانەی ناو بینای بەرێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش.
٢. بەندیخانەی (کانی گۆمە) کەدەکەوێتە ناوچەی کانی گۆمە لەشاری سلێمانی.

## یەکەم/ بەندیخانەی ئاسایشی گشتی:

لە رێگای بەرێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی سلێمانی بەشێوەیەکی بەردەوام سەردانی بەندیخانەکانی ئاسایش دەکرێت وە لە ماوەی مانگەکانی (٤،٥،٦) چەندین جار سەردانیکراوەوە لە کێشەوە گیروگرفتەکان کۆڵدراوەتەوەو بەدواداچون کراوە بۆچەندین کیس و رێگاچارەی گونجاو بۆگرفتەکان دانراوە بە شێوەیەکی تەواو چاودێری رەوشی مافەکانی مرۆڤیان لەم بەندیخانەیەدا هەڵسەنگاندوە.

لەدواین ئاماری لەبەرواری٢٩/٦/٢٠٠٩ بەندکراوانی سەربە ئاسایشی گشتی(١٩) راگیراو بەندکراوانی سەربە ئاسایشی سلێمانی (٥٣) راگیراو بووە.کە بەتۆمەتی جباجیا گیراون و دەست بەسەرکراون وە دابەشکراون بەسەر بینایەی بەندیخانەی ئاسایشی گشتس ناو شارو بینایەی (کانی گۆمە) ،ئەوەی جێگای ئاماژە پێکردنە لەم ماوەیەدا ژمارەی بەندکراوەن رووەو کەمبونە ،ئەمەش جێگەی دڵخۆشییە بە بەراورد کردن بەساڵە و مانگەکانی پێشوو. کەئەمەش ئاماژەیە بۆ هەنگاونانی دەزگای ئاسایش و دادگا لەپەلە کردن لەکۆتایی هێنان بەو کەیسانەی کە لەقۆناغی دادگایی کردن دواخرابوون لێرەوە دەتوانین بڵێین هیچ کەیسێك نەماوە نەخرابێتە بەردەم دادگا.بۆیە دەکرێت بڵێن داواکاری گشتی لەبەندیخانەی ئاسایشی گشتی سلێمان دەورێکی باشی بینیوە لەراپەراندنی کارەکانی ودوانەخستنی کەیسەکان پلەکردن لە روانەکردنیان بۆ بەردەم دادگا.

سەرنج وتێبینەکان لەسەر بەندیخانەی ئاسایشی گشتی وئاسایشی سلێمانی شێوەیەی خوارەوەبوە:-

١. لە ئێستادا قەبارەی بیناکە گونجاوە لەگەڵ ژمارەی بەندکراوان بەوەی کە(٥) هۆڵەو (٩) ژووری ئینفرادی هەیە وە سەرجەم هۆڵەکان فراوانن لەهەر هۆڵێکدا لە (٦) بەندکراو زیاتری تێدا نییە هەر هۆڵێك توالێت و حەمامی خۆی هەیە.
٢. پاك وخاوێنی هۆڵەکان پارێزراوە.
٣. لەرووی تەندروستییەوە:.ئەتوانین بڵێین بەهۆی کەمی راگیراوانەوە پاکوخاوێنی هۆڵەکانەوە هیچ کێشەیەکی تەندروستیان نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە بەباشی دەزانین کە:-

أ- بنکەیەکی تایبەت دابنرێت بۆئەو راگیراوانەی کە بەمادده هۆشبەرەکان را هاتوون وە پێویستیان بەچارەسەری هەنگاو بەهەنگاو هەنوکەی هەیە.

ب- بنکەیەکی شیکاری بەمەبەستی پشکنینی ئەو راگیراوانەی کەدەستگیر دەکرێن هەتا بەزووترین کات پشکنینیان بۆ بکرێت، ئەگەر نەخۆشی درێژخایەن یاخود نەخۆشییەك کەمەترسی بڵاوبوونەوەی هەبێت بەری لێی بگیرێت بەر لەوەی تێکەڵ بەراگیراوانی تر بکرێت.

ج- ڕێگە بدرێـت بەهەر بەندکراوێك کەداوای ڕاپۆرتی پشکنینی پزیشکی بکات .

٤. پێداویستیەکانی (ڕاگەیاندن، وەرزش، هونەر):. وەك ڕاگەیاندن تەلەفزیۆن لەهەموو هۆڵەکان هەیە، بەڵام هیچ ڕۆژنامە و گۆڤارێکمان بەرچاو نەکەوت، سەبارەت بەوەرزشیش گۆرەپانێکی تایبەت هەیە بە یاری بالە وە لەکاتی سەردانیکردنماندا بەندیەکیان خەریکی یاریکردنبون.
٥. خواردن: لەڕووی خواردنەوە هیچ کێشەیەك نەبوو ئەو ژەمە خواردنانەی کەبۆیان دابین کرابوو زۆر باش بوو.
٦. لەڕووی دابین کردنی ئامێری ساردکردنەوە و گەرم کردن هیچ کێشەیەك نییە وە بەپێی پێویست بۆیان دابین کراوە.
٧. لەڕووی دادگایی کردنەوە: لەڕووی دادگاییەوە دەتوانین بڵێین پێشکەوتنی باش هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند حاڵەتێك هەیە کەپێویستە کاری بۆ بکرێت ئەویش بەوەی زۆرێك لەڕاگیراوان گازەندە ئەوەیان هەبوو دواخستن (تأجیل) کردن زۆرە. چەند بەندکراوێك بەپێی وتەی خۆیان زیاد لەچەندین جار چوونەتە بەردەم دادوەر و کەیسەکەیان دواخراوە واتە (تأجیل) کراوە.

## دووەم/ بـەنـدیخانەی ئاسایشی کـانی گـۆمە:

ئەم بەندیخانەیە دەکەوێـتە ناوچەی کانی گۆمەوە لەشاری سلێمانی ئەوەی جێگەی باس کردنە ئەم بەندیخانەیە دەتوانین بڵێین هەموو مەرجەکانی بەندیخانەی تێدایە بەوەی:
١. بینا: بیناکەی نوێیە و لەدوو نهۆم پێکهاتووە وە هەر نهۆمێك چوار هۆڵی تێدایە جگە لەچەند ژوورێکی تاك (أنفرادی).
٢. تەندروستی: بنکەی تەندروستی تێدایە و هیچ کێشەیەکی نییە.
٣. پێداویستی (وەرزش، ڕاگەیاندن، هونەر): ئەوەی پەیوەندی بەبواری وەرزشەوە هەیە گۆرەپانی ناو بەندیخانەکە دابین کراوە بۆ یاری کردنی ڕاگیراوان هەرچی بواری ڕاگەیاندنە لەسەر سەرجەم هۆڵەکاندا تەلەفزیۆن هەیە جگەلەوەش کتێبخانەی تایبەت هەیە بەراگیراوان کەدەتوانن سوودی لێ وەربگرن جگە لەکردنەوەی خولی تەندروستی و ڕێنمایی بۆ ڕاگیراوان.
٤. لەڕووی دەروونییەوە: توێژەرێکی کۆمەڵایەتی هەیە کەزۆر هاوکاری ڕاگیراوان دەکات.
٥. ئامێری ساردکردنەوە و گەرم کردنەوە: گشت ئەم ئامێرانەیان بۆ دابین کراوە و هیچ کێشەیەکیان نییە.
٦. خواردن: لەڕووی خۆراکەوە هیچ کێشەیەك نییە سەرجەم پێداویستییەکانی ڕاگیراوان دابین کراوە بەپێی ژەمە خۆراکییەکان.

٧. له رووی سەردانیکردنی کەس وکاری بەندکراوەکان هیچ کێشەو گرفتێکیان نەبوە وە بە پێی خشتەیەکی تایبەت ڕۆژانی سەردان دیاریکراوە.

٨. سەبارەت بە ئەشکەنجەدان هیچ حاڵەتێکی ئەشکەنجەدان لەم ماوەیەدا تێبینی نەکراوە تەنها دوو سکاڵا هەبوو کەپێش ساڵی (٢٠٠٩) بوو وە ئاسایشی پێیان ڕاگەیاندین کەلیژنەی لێکۆڵینەوەیان داناوە بۆ هەر دوو حاڵەتەکە کەیەکێك لەحاڵەتەکان لەشارۆچکەی کفری بوو.

## ڕاپۆرتی بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤ / ڕانیە :

سنوری دەڤەری بیتوێن:

لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤ لە ڕانیە بە بەردەوامی سەردان و بودواداچوون دەکرێت بۆ بەندیخانەکانی بنکەکانی پۆلیس و ئاسایش ناوچەکە.

هەروەها پێویستە جیاکاری بکرێت لە نێوان نەخۆشیە درم و نەخۆشیە درێژ خایەنەکان و ئاساییەکان بۆ ئەوی نەخۆشی لەنێوان ڕاگیراوان نەگوازرێتەوە، بڵاونەبێتەوە.

سەبارەت بە شوێنی ڕاگیراوان لەم سنورەدا دوو شوێن هەیە.

### ١-بنکەی گرتن و گواستنەوەی پۆلیسی ڕانیە :

لەم بنکەیەدا ڕایەخ و پێخەف و جل و بەرگی زیندانیان نیە و تەنها خواردنیان هەیە ، هەروەها لەبەر ئەوەی ئەو چوار ژوورەی بۆ ڕاگیراوی پیاو تەرخان کراوە ، ئاودەست و حەمام و شوێنی پشودانیان نیە و هەموو چەشنە ڕاگیراو و تۆمەتبارێکی تیادا تێکەڵ دەکرێت و ڕاگیراوەکان بە ڕۆژ (٣) جار و بەشەو (١) جار دەیان بەن بۆ سەر ئاو (تواليت) ، ئەمەش وا دەکات ژوری ڕاگرتنیان پیس و نا تەندروست بێت .

هەروەها هەندێ لەکارمەندانی پۆلیس ، دادوەر بەکەمتەرخەم دەزانن لە هێواش بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی لێکۆڵینەوە و یەکلاکردنەوەی کێشەکان و سەردان نەکردنی دادوەران و ئەندامانی جێگری داواکاری گشتی بۆ لای ڕاگیراوەکان لە هەموو بنکەکانی ڕاگرتندا هەرچەندە بەنوسراو بەسەردانیکردن ئاگادار کراونەتەوە و بەڵێنیان داوە ، کەچی هیچ سەردانێك لەلایەن دادوەرو داواکاری گشتییەوە لە ڕانیە ئەنجام نەدراوە ، لەهەمان کاتدا چەند ڕاگیراوێك هەن کە دەرزی و مووسیان خواردووە لەبەر گرفتی مانەوەی زۆریان لە بەندیخانەدا.

## ٢- بەندیخانەی یاریدەدەرێتی ئاسایشی راپەڕین لە رانیە :

لەم بەندیخانەیە گرفتی کەمی جێگا هەیە کە پێکهاتووە لە (٣) ژوری پیاوان بەڵاّم هیچ شوێنێك بۆ ژنان و نەوجەوانان نیە.
لە لایەن رایەخ و پێخەفەوە تارادەیەك هاوکاریان کراوە و جل و بەرگی زیندانیان هەیە و خواردن و خواردنەوەی باشیان پێدەدرێت وحمام و ئاودەست و ئامێری سپلیتیان بۆ دابینکراوە .
هەڵسوکەوتی کارمەندو بەرپرسەکان لەگەڵ راگیراوان زۆر دڵسۆزانەیە و جێگای سوپاسە.

سنوری دەڤەری پشدەردا :

لەم سنورەدا هیچ بیناو شوێنێك نیە بۆ راگیرکردن بەڵکو لە بنکەی پۆلیس و ئاسایشی قەلاّدزە و ناحیەکانی دەوروبەری دەهێڵنەوە و ئەگەر راگیراو بۆ کاتێکی کەم بمێنێتەوە ، ئەگەر کێشەکەش زۆر بخایەنێت ، راگیراوەکان دەگوازرێنەوە بۆ بنکەی گرتن و گواستنەوەی پۆلیسی رانیە یان یاریدەدەرێتی ئاسایشی راپەڕین لە رانیە.
لەم سنورەدا هیچ کام لە بنکەکان دەسەلاّتی دابینکردنی خواردن و شوێن و پێخەف وجل و بەرگی زیندانیان نیە وبەبەردەوامی گرفتی کەمی شوێن و نەبونی خواردن لەلایەن راگیراوانەوە هەیە.

## بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی گەرمیان:

بە مەبەستی ئاگاداربوون لە بارودۆخی بەندیەکان لە بەندیخانەکانی ( ئاسایش و پۆلیس) لە سنووری ئیدارەی گەرمیان ، لیژنەکانی چاودێری بەندیخانەکان لە بەڕێوەبەرایەتی و نوسینگەی ( کفری و خانەقین) لە ماوەیەدا هەر لیژنەیەك شەش جار سەردانی ئەو بەندیخاناەیان کردووە. بەندییەکان لە مامەڵەی کارمەندانی ئاسایش و پۆلیس رەزامەندبوون.

لە رێکەوتی (٢٧-٢٨/٤/٢٠٠٩) نوسینگەی کفری بۆ کارمەندانی ئاسایش و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە بینایەی ئاسایشی کفری وٚرك شۆپێکیان سازداو (١٩) کارمەند تیایدا بەشدار بوون .
بەڵام لە لایەن لیژنەکانەوە ئەم تێبینیانەی خوارەوە لەسەر بەندیخانەکان هەبوو:

١- لە بەندیخانەکان بە هۆی نەبوونی جێگای تایبەت ( مێردمنداڵ) تێکەڵ بە گەورەکان دەکرێن، ئەمەش بۆ خۆی کاریگەری خراپی لەسەر مێردمنداڵان دەبێت.

٢- له لایەن نەخۆشەکانەوە وەك پێویست یاریدەدەری پزیشك تەرخان نەکراوە بۆنەخۆشەکان.

٣- بارودۆخی بەندیخانەی کفری زۆر خراپە لە رووی پاکوخاوێنی و گەرمی و بچوکی شوێنەکەیان.

٤- بە هۆی زۆری رۆتین لە کاروباری لێکۆلینەوە چەند بەندکراوێك ماوەی زیاتر لە شەش مانگە لە بەندیخانەی کەلار و کفری ماونەتەوە.

## بەرێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی / چەمچەماڵ:

لەرێگای بەرێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی چەمچەماڵەوە بەشێوەیەکی بەردوام سەردانی ئەم بەندیخانەیە ئەکرێت و لەکێشەوگرفتی بەندکراوەکان دکوڵنەوەو بەدواداچون دەکرێت بۆ چارەسەرکردنیان دەتوانین بڵێین بەشێوەیەکی گشتی بەندکراوەکانی ( بنکەی گرتن و گواستن )ەوەی چەمچەماڵ تەنها گلیەییان لەوە هەیە کە کێشەکانیان ماوەیەکی درێژ دەخایەنێت تاوەکو لەدادگا کۆتای پێبهێنرێت.

هەروەها داواکارن رۆژنامەوە تلفزیۆنیان بۆ دابین بکرێت و خشتەی خواردنەکانیان بگۆڕدرێت.

## بەندیخانەی ئاسایشی چەمچەماڵ:

دەربارەی گرتووخانەی ئاسایشی چەمچەمال چەندین جار سەردانیکراوەوە لەم ماوەیەدا وە لەدواین سەردانیکردندا هیچ زیندانیەکیان نەبووە،بەڵام ژووری راگیراوەکان پێویستی بە نۆژەنکردنەوە هەیە،چونکە ژوورەکە زۆر پیس و بێکەڵکە و هیچ مەرجێکی تەندروستی تێدانیە.

## بەرێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی شارەزوور:

لە رێگای بەرێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی شارەزوورە وە بەشێوەیەکی دەوری ولەکاتی پێویست سەردانی بنکەکانی پۆلیس و ئاسایشی سنورەکە ئەکەن بەمەبەستی ئاگاداربون لە رەوشی راگیراو بەندیەکانی ئەوبنکانە، ئەم سنورە (٦) بنکەی پۆلیس و بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی شارەزور دەگرێتەوە :. بەم شێوەیەی خوارەوە.

## ١- بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی شارەزوور:

بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی شارەزوور بارەگاکەی لە هەڵەبجەی شەهیدە و بەرپرسە لە پاراستنی ئاسایشی هەرسێ قەزاکانی ( سەیدسادق، شارەزوور، هەڵبجەی شەهید ). سەرجەم یاریدەدەرایەتیەکانی ئەم قەزایانە گیراویەکانی خۆیان بۆ ئەو ئەم بەندیخانەیە رەوانە دەکەن، شایەنی باسە ئەم بەرێوەبەرایەتیە لە

بینایەکی کۆن و نەگونجاودا کارەکانی خۆیان جێ بەجێ دەکەن وبەندکراوەکان لەم بینایە بەند ئەکەن کە دەگەرێتەوە بو بەرلە راپەرین .بەشێوەیەکی گشتی دەستگیرکراوەکان لە هەڵسوکەوتی کارمەندانی ئەم بەرێوەبەرایەتیە رازی بوون،هیچ جۆرە سکالاَیەکیان نەبو هەروەها بەشێوەیەکی رێکوپێك رێگە بە کەسوکاریان ئەدرێت لەکاتەکانی چاوپێکەوتن سەردانیا بکەن .

## ٢- بنکەی پۆلیس هەڵەبجەی شەهید:

ئەم بنکەیە سەربەبەرێوەبەرایەتی پۆلیس هەڵەبجەی شەهیدە ولەهەمان ئەم بەرێوەبەرایەتیەدایە هەروەها لەکاتی بونی گیراوان لە بنکەی پۆلیسی خورماڵ ئەوا راستەو خۆ رەوانەی ئەم بنکەیەیە ئەکرێن .

ژورێك تایبەت کراوە بۆ بەندکردنی دەستکیرکراوەکان، لەم ماوەیەدا چەندین جار سەردانیکراون و لە کێشەو گیروگرفتەکانیان کۆڵدراوەتەوە .شایەنی باسە لەم بنکەیەدا دەستگیرکراوان لەماوەی (٢٤) سەعاتدا دەگوازرێنەوە بو بەندیخانەی گرتن و گواستنەوی پارێزگای سلێمانی وە ئەوانەی کە ئەتوانرێت بە گوێرەی یاسا ئازاد بکرێن ئەوا بەکەفالەت ئازاد ئەکرێن .

## ٣- بنکەی پۆلیسی سەید سادق:

ئەم بنکەیە لەگەڵ چەنددامەزگایەکی تری حکومی لە یەك بینادان .بەبەردوام چاودێریکراوەو سەردانیکراوە .دوای ئاگادارکردنەوەیبەرپرسانی ئەم بنکەیە لەبچوکی ژورەکانی دەستگیرکردن بە خۆشحالێیەوە لەم بنکەیەدا پرۆسەی نوژەنکردنەوە دروستکردنی ژورێك وسالۆنێکی گەورە تەواو بوە ئێستا کێشەی شوێنتارادەیەك نەماوە .دەسگیرکراو لەماوەی (٢٤) سەعات زیاتر لەم بنکەیەدانامێنێتەوە ئەوکەسانەی کە یاسا رێگەیداوە بەکەفالەت ئازاد بکرێن ئەوا لەلایەن دادگاوە ئازاد ئەکرێن .

## ٤- بنکەی پۆلیسی پێنجوین:

بەشێوەیەکی دەوری و لەکاتی پێویستدا سەردانی ئەم بنکەیەدەکرێت بەبەردوامی لەکێشەو گرفتەکانیان دەکۆڵدرێتەوە رێگاچارەی گونجاو بۆ کێشەکانیان دادەنرێت لەدواین سەرداندا لەم بنکەیەدا (٥) دەستگیرکراو هەبوون کە بەتۆمەتی جیاجیا لەلایەن دادگاوە بریاری بەندکردنیان درابوو، لەم بنکەیەدا ژورێك تایبەت کراوە بە راگیراوان کە بەندکراو بۆماوەیەکی کەم لەم بنکەیەدا دەستگیر دەکرێت بۆیە ئەو گیراوانە بتوانرێت بەپێی یاسا بەکەفللەت ئازادبکرێن ئەوا لەلایەن دادوەروە بەکەفالەت ئازاد دەکرێت ئەگەرنا رەوانەی بەندیخانەی گرتن وگواستنەوەی سلیمانی ئەکرێن بە زوترین کات.

### ٥- بنكەی پۆلیسی وارماوا (زەرایەن):

ئەم بنکەیە سەر بەبەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی شارەزورە لەناحیەی زەرایان(وارماوا) لەدوایین بەسەرکردنەوەدا (٨) دەستگیرکراو هەبوون، دەستگیرکراوەکان بۆماوەیەکی کەم لەم بنکانەدا ئەمێننەوە ، کێشەی سەرەکی ئەم بنکەیە بریتیە لە نەبونی بینایەیکی سەربەخۆ ئێستا لەگەڵ کۆمەڵێك فەرمانگەی تر لە بینایەکی کۆندان کە تەنها ژورێکیان بۆ دابینکراوە زۆر کۆنە .

## بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی دهۆك:

### بەڕێوەبەرایەتی بەندیخانەی چاکسازی گەوران:

بەشێوەیەکی بەردوام ئەم چاکسازیە بەسەردەکرێتەوە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی دهۆکەوە لەدوایین بەسەرکردنەوەیدابۆ مانگی(٦) ژمارەی راگیراوان (١٣٩) کەس وژمارەی محکەمەکان (٥٧١) کەس . لەرووی بیناوە ئەم بەڕێوەبەرایتیە هیچ کێشەو گرفتێکی نیە چونکە لە سەر شێوازێکی زانستی هاوچەرخ بنیات نراوە و گونجاوە لەگەڵ پرۆسەی چاکسازی تیادا پێکهات وە لە چەندین بەشی جیاجیا گرینگ بۆپرۆسەی چاکسازی .وەك (هۆلی وەرزش،هۆلی کۆڕوو کۆبووەو بۆنەکان ،هۆڵێك تایبەت بەکاری بەرگدروون ،بنکەیەکی تەندروستی هەروەها خانویەکی پلاستیکی تایبەت بەکشتوکاڵکردنیان هەیە بەندکراوەکان کاری تیادا ئەکەن ..)

بە شێوەیەکی گشتی:

١- بارودۆخی گرتووخانەکە بەشێوەیەکی گشتی زۆر باشە و گیراوەکان هیچ گلییەیان نەبووە.

٢- هەندێك بەندکراو لە بەڕیوەبایەتی چاکسازی سلێمانییەوە زیاتر لە(٤٥) رۆژە وەك سزایەکی ئیداری رەوانەی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازیە کراون،بەبەردوام داواکارن دووبارە بگەڕێندرێنەوە بۆ سلێمانی چونکە کێشەی بۆ خێزانەکانیان دروستکردوە بەهۆی دوری ڕێگا لەکاتی سەردانیکردنیاندا.ئەمە جگەلەوەی کێشەش بۆ ئیدارەو بەندکراوانی ئەم چاکسازیە دروست ئەکەن.

٣- لە شەوی (٢٠٠٩/٦/٢٥ ) حکومدراوێك بەهۆی نەخۆشی ( دڵ )،کۆچی دوایکردوە ،بەدواداچونکراوە بۆ ئەم ڕووداوەو لەلایەن ڕاپۆرتی پزیشکی دادوەریەوە مردنی ئەم بەندکراوە بەنەخۆشی دڵ پشت ڕاستکردۆتەوە.

**چاكسازی نەوجەوانان و ژنان:**

بەشێوەیەكی بەردوام سەردانی ئەم چاكسازیە ئەكرێت لەلایەن بەرێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی دهۆكەوە بەدواداچونی تەواو بۆ كێشەی دشتگیركراوان وسزادراوانی بەرێوەبەرایەتیەكراوە.لەدواین بەسەركردنەوەكان لە مانگی (٦) ژمارەیبەندكراوان لە بەشی نەوجەوانا (سزادراو(٢٦) راگیراو(١١) )هەروەها لە بەشی ژنان(١١) سزادراو (١٩) راگیراو بوە . بەشێوەیەكی گشتی بارودۆخی بەندكراوەكان باشەو هیچ كام لە نەوجوانان وژنانی بەندكراو سكالاو گازاندەیان نەبوە لە رەفتاری كارمەندان وژەمەكانی خوارداو كاتەكانی چاوپێكەوتنن . بەلام تێبینی خراپی كش وهەوای ناو هۆلەكانی ئەكرێت بەهۆی خراپی ئاوەرۆی بیناكەوە كە زۆرجار بەندكراوەكان خۆیان ئەم كێشەیە دروست ئەكەن لەرێكای فرێدانی كەلوپەلی گەورە بوناو ئاوەرۆكان كە ئەبێت گیرانی ئاوەرۆكە.

**بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی دهۆك:**

ئەم بەرێوەبەرایەتیە ئەركەكانی بریتیە لە دابینكردنی ئاسایشی سنوری پارێزگای دهۆك ژمارەی بەندكراوەكانی لەدواین بەسەركردنەوەدا (٧٥) راگیراو بووە. شایەنی باسە كاتێك بەندكراوێك لەلای ئاسایشەوە دەستگیر ئەكرێت ئەهێنرێتە بینایەی ئەم بەرێوەبەرایەتیە بۆماوەیەكی كەم تائەو كاتەی لێكۆلینەوەی لەگەلدا كۆتاییدێت ،دواتر ئەگوازرێتەوە بو بەرێوەبەرایەتی چاكسازی گەوران ،چونكە لە بینایەی چاكسازی گەوران بەشێك تایبەت كراوە بە راگیراوانی ئاسایشی دهۆك .بەشێوەیەكی گشتی بینایەی ئاسایش لە ناوشاری دهۆك لە رووی قەبارەوە باشە. بەلام ئەو هۆلانەی كە تایبەتكراون بەندكردنی راگیراوان لەم بینایەدا پاكوخاوێنی تیایدا نەپارێزراوە لەگەل ئەوەشدا لەم وەرزەی هاوینەدا ئامێرەكانی فێنكەرەوە كارناكەن بۆیە هوای هۆلەكانی زورگەرمە وە بەندكراوەكان داوای چاكردن یاخود دابینكردنی هۆكارەكانی فێنكەرەوەیان ئەكرد.

## بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤ زاخۆ:

لەرێگای بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی زاخۆ لەماوەی سێ مانگی (٦،٤،٥) بەشێوەیەکی بەردوام سەردانی بنکەی گرتن و گواستنەوەو ئاشایشی زاخۆ کراوە بەدواداچون بۆ کێشەو گیروگرفتی بەندکراو بەندیخانەکان کراوە بۆ ئەم مەبەستەش سەردانی لایەنەپیوەندیدارەکان کراوە.هەروەها لە خولێکی تایبەت بە هێزەکانی ناوخۆ بەشداریکراوە بە وتنەوەی چەند بابەتێك لە سەر مافیەکانی مرۆڤ و رچاوکردنی یاسا لە کاتی دەستگیرکردندا .

## بنکەی گرتن وگواستنەوەی زاخۆ:

١- دەست بەسەرانی ئەم بنکەیە گلەیی وگازاندە هەبوو سەبارەت بە ( داواکاری گشتی ) کە مانگێکدا یەك جار سەردانیان دەکات . بۆ ئەم مەبەستا لەماوەی ئەم سێ مانگی(٤،٥،٦) لەرێگای بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤ لە زاخۆ چەندین جار سەردانی دادگای زاخۆکروە لە میانەیدا بەدواداچونکراوە بۆ کێشەو سکالای بەندکراوەکان و داواش لە ( داواکاری گشتی) کراوە بە شێوەیەکی بەردوام سەردانی بنکەی گرتنوگواستنەوە بکەن بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشە وگرفتە یاسایەکان.ئێستا تێبینی ئەکرێت لەلایەن داواکاری گشتیەوە زیاتر سەردانی ئەم بنکەیە ئەکرێت و بەم هۆیەشەوە ژمارەی دەستگیرکراوان روو لەکەم بوونە.

٢- راگیراوەکان هیچ سکالایەکیان لە دژی هەڵسوکەوتی کارمەندانی ئەم بنکەیە نەبوو، بەشێوەیەکی گشتی باش بوون .

٣- هەفتەی (٢) جار لەلایەن دکتۆرەوە سەردانی ئەم بنکەیە دەکرێت وهەر کاتێکیش بەندکراوێك نەخۆش بکەوێت رەوانەی نەخۆشخانە دەکرێت .

٤- ئەوی جیگای نیگەرانی و گازاندەی بەندکراوەکان بوو لە راپۆرتەکانی پێشوتر

ژەمەکانی خواردن بوو،بەلاّم لە ماوەی سێ مانگی (٤،٥،٦) دەستگیرکراوەکان گلەییان نەبوو لەرووی جۆرو چەندایەتی ژەمەمەکان خواردنەوە.

٥- دەربارەی سەردانیکردنی دەستگیرکراوەکان لەلایەن کەسوکاریانەوە هیچ سکالایەك و گلەییەك نەبووە .

٦- دوای ئەوەی لە راپۆرتەکانی پێشوتردا بەبەردوام ئاماژەمان بە خراپی و نارێکی بینای بنکەی گرتن و گواستنەوەی زاخۆ ئەکرد ئێستا بینایەکی مۆدێرن و ستاندارد دروست ئەکرێت، کەوتۆتە بواری جێبەجێ کردنەوە ، بەتەواو بونی ئەم بینایە کێشەی بی بینای لەم سنورەدا چارەسەر ئەکات.

## بنکەی گرتن و گواستنەوەی پۆلیسی ئاکرێ :

لە درێژەی سەردانیکردن و بەدواداچونەکانی بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی ئاکرێ بۆ بنکەکانی پۆلیس و لەدواین سەردانیاندا لە بەرواری ٢٠٠٩/٦/٢٩ تێبینی دەکرێت:

١- راگیراوان هیچ سکالاو و گلەییان بەرامبەر هەڵسوکەوتی کارمەندانی بنکەکە نەبوو وەلێیان رازیبوون ، بەلام (٦) کەس لە راگیراوەکان سکالایان پێشکەش کردووە کە لە کاتی لێکۆلینەوە لە لایەن ئەفسەرانی (بنکەی نەهێلانی گوناهباران لە ئاکرێ) رووبەرووی ئازارو ئەشکەنجەدان بونەتەوە . شایەنی باسە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤ لە ئاکرێ بەدواداچوونی ورد کراوە ولایەنە پەیوەندیدارەکانی لێ ئاگادارکراوەتەوە ،بۆ دەرخستنی راستی و دروستی ئەم کێشەیەو سزادانی ئەو کەسانەی کە بە کاری ئەشکەنجەدان هەڵساون بەپێی یاسا ، بۆ ئەم مەبەستە لێکۆلینەوە بەردەوامە.

٢- راگیراوان هیچ گلەییەکیان نەبوو لە چونەدەرەوەو سەردانیکردن و حەمام و چونە سەر ئاو.

٣- پاکو خاوێنی لەم بنکەیەدا پارێزراوە مەرجی پاکوخاوێنی رەچاوکراوە.

## بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی ئاکرێ :

١- لە سەردانیکردنی بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی ئاکرێ لە بەرواری (٢٠٠٩/٥/١٤) چوار لە راگیراوەکان لە بەندیخانەکەدا ئاماژەیان بەوەداوە لەکاتی دەستگیرکردنیاندا لەلایەن ئاسایشی بەردەرەشەوە رووبەرووی لێدان و ئەشکەنجەدان بوونەتەوە . لەم بارەیەوە دەست کراوە بە لێکۆلینەوە و لێکۆلینەوە تاوەکو ئێستا بەردەوامە.

٢- بە شێوەیەکی گشتی لەم ماوەیەدا بەندکراوەکان هیچ گلەییان نەبووە لەسەر هەڵسوکەوتی کارمەندانی ئاسایش و چوونە دەرەوە و سەردانیکردنی کەسوکاری بەندکراوەکان . هەروەها لەم بەندیخانەیەدا رەچاوی پاکوخاوێنی کراوە هەرکاتێکیش کەسێك نەخۆشکەوێت چارەسەری تەواوی بۆ ئەکرێت لە بەندیخانەکەدا و ئەگەر نەخۆشیەکەی قورس بوو ئەوا رەوانەی نەخۆشخانە ئەکرێت.

# ئاماری بەندیخانەکان بۆ مانگی(أیار ۲۰۰۹)

| ژ | ناوی بەندیخانە | ژمارەی مەحکومەکان | ژمارەی راگیراوەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | فەرماندەی گرتن و گواستنەوەی هەولێر | - | ٢٩٦ |
| ٢ | بەڕێوەبەرایەتی گرتن و گواستنەوەی سلێمانی | - | ٢١٤ |

چاکسازیەکانی ئافرەتان و نەوجەوانان

| ژ | ناوی چاکسازیەکان | ژمارەی مەحکومەکان | ژمارەی راگیراوەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | چاکسازی پیاوانی هەولێر | ٤١٣ | - |
| ٢ | چاکسازی ئافرەتانی هەولێر | ٢١ | ٣٧ |
| ٣ | چاکسازی نەوجەوانانی هەولێر | ٤٢ | ٢٨ |
| ٥ | چاکسازی سلێمانی (بەشی پیاوان) | ٦٧٩ | - |
| ٦ | چاکسازی سلێمانی (بەشی ژنان) | ٢٥ | - |
| ٧ | چاکسازی سلێمانی (نەوجەوانان) | ١٥ | - |
| 8 | خانەی تێبینی | ١٤ | - |
| 9 | چاکسازی پیاوانی دهۆك | ٥٣٤ | ١١٣ |
| 10 | چاکسازی ئافرەتانی دهۆك | ٩ | ١٩ |
| 11 | چاکسازی نەوجەوانانی دهۆك | ٢٩ | ١٨ |

بەندیخانەکانی ئاسایش

| ژ | ناوی بەندیخانەکان | ژمارەی مەحکومەکان | ژمارەی راگیراوەکان |
|---|---|---|---|
| 1 | ئاسایشی گشتی هەولێر | - | ٩٣ |
| 2 | ئاسایشی هەولێر | - | ٧٢ |
| 3 | ئاسایشی گشتی سلێمانی | - | ١٨ |
| 4 | ئاسایشی سلیمانی | - | ٥٧ |
| 5 | ئاسایشی دهوگ | - | ٧٨ |

| | | |
|---|---|---|
| کۆی گشتی | ١٧٧٦ | ١٠٤٣ |
| تێکرای ژمارەی بەندکراوەکان | | ٢٨١٩ |

تێبینی:

ژمارەی بەندکراوەکانی ئاسایش جێگیر نییە.

# ئاماری بەندیخانەکان بۆ مانگی(نیسان ٢٠٠٩)

| ژ | ناوی بەندیخانە | ژمارەی مەحکومەکان | ژمارەی راگیراوەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | فەرماندەی گرتن و گواستنەوەی هەولێر | - | ٣٤٠ |
| ٢ | بەڕێوەبەرایەتی گرتن و گواستنەوەی سلێمانی | - | ٢١٩ |

چاکسازیەکانی ئافرەتان و نەوجەوانان

| ژ | ناوی چاکسازیەکان | ژمارەی مەحکومەکان | ژمارەی راگیراوەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | چاکسازی پیاوانی هەولێر | ٤٠٣ | - |
| ٢ | چاکسازی ئافرەتانی هەولێر | ١٩ | ٤٥ |
| ٣ | چاکسازی نەوجەوانانی هەولێر | ٤٣ | ٢٤ |
| ٥ | چاکسازی سلێمانی (بەشی پیاوان) | ٦٣٢ | - |
| ٦ | چاکسازی سلێمانی (بەشی ژنان) | ٢٣ | - |
| ٧ | چاکسازی سلێمانی (نەوجەوانان) | ١٧ | - |
| 8 | خانەی تێبینی | ١٨ | - |
| 9 | چاکسازی پیاوانی دهۆك | ٥١٣ | ١٤١ |
| 10 | چاکسازی ئافرەتانی دهۆك | ٧ | ١٧ |
| 11 | چاکسازی نەوجەوانانی دهۆك | ٣٤ | ١١ |

بەندیخانەکانی ئاسایش

| ژ | ناوی بەندیخانەکان | ژمارەی مەحکومەکان | ژمارەی راگیراوەکان |
|---|---|---|---|
| 1 | ئاسایشی گشتی هەولێر | - | ٩٦ |
| 2 | ئاسایشی هەولێر | - | ٦٥ |
| 3 | ئاسایشی گشتی سلێمانی | - | ٢٠ |
| 4 | ئاسایشی سلیمانی | - | ٦٨ |
| 5 | ئاسایشی دهوك | - | ٨٦ |

| | | |
|---|---|---|
| کۆی گشتی | ١٩٠٨ | ١١٣٢ |
| تێکرای ژمارەی بەندکراوەکان | | ٣٠٤٠ |

تێبینی:

ژمارەی بەندکراوەکانی ئاسایش جێگیر نییە.

# ئاماری بەندیخانەکان بۆ مانگی(حزیران ٢٠٠٩)

| ژ | ناوی بەندیخانە | ژمارەی مەحکومەکان | ژمارەی راگیراوەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | فەرماندەی گرتن و گواستنەوەی هەولێر | - | ٢٧٢ |
| ٢ | بەڕێوەبەرایەتی گرتن و گواستنەوەی سلێمانی | - | ٢١٣ |

چاکسازیەکانی ئافرەتان و نەوجەوانان

| ژ | ناوی چاکسازیەکان | ژمارەی مەحکومەکان | ژمارەی راگیراوەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | چاکسازی پیاوانی هەولێر | ٤٣٩ | - |
| ٢ | چاکسازی ئافرەتانی هەولێر | ٢٦ | ٣١ |
| ٣ | چاکسازی نەوجەوانانی هەولێر | ٤٢ | ٣٠ |
| ٣ | چاکسازی سلێمانی (بەشی پیاوان) | ٦٧٧ | - |
| ٦ | چاکسازی سلێمانی (بەشی ژنان) | ٢٨ | - |
| ٧ | چاکسازی سلێمانی (نەوجەوانان) | ١٧ | - |
| 8 | خانەی تێبینی | ٢٣ | - |
| 9 | چاکسازی پیاوانی دهۆك | ٥٧١ | ١٣٩ |
| 10 | چاکسازی ئافرەتانی دهۆك | ١١ | ١٩ |
| 11 | چاکسازی نەوجەوانانی دهۆك | ٢٦ | ١١ |

بەندیخانەکانی ئاسایش

| ژ | ناوی بەندیخانەکان | ژمارەی مەحکومەکان | ژمارەی راگیراوەکان |
|---|---|---|---|
| 1 | ئاسایشی گشتی هەولێر | - | ٦٠ |
| 2 | ئاسایشی هەولێر | - | ٨١ |
| 3 | ئاسایشی گشتی سلێمانی | - | ١٩ |
| 4 | ئاسایشی سلیمانی | - | ٥٣ |
| 5 | ئاسایشی دهوگ | - | ٧٥ |

| | | |
|---|---|---|
| کۆی گشتی | ١٨٦٠ | ١٠٠٣ |
| تێکرای ژمارەی بەندکراوەکان | | ٢٨٦٣ |

تێبینی:

ژمارەی بەندکراوەکانی ئاسایش جێگیر نییە.

# ڕاپۆرتی بەشی سکاڵا

# بەشی سکاڵا

بەشی سکاڵا لە راپۆرتەکەیاندا کە لە ماوەی (٣) مانگدا نیسان و ئایار و حوزەیرانی (٢٠٠٩) ئامادەیان کردوە ئاماژە بەوە دەدەن کەلەم ماوەیەدا (٦٩) سکاڵایان پێگەیشتوە، کە ئەوانەی کە سکاڵاکانیان راستەوخۆ هێناوەتە ئەم بەشە لە دیوانی وەزارەت و یان بە هۆی ئەو سەندوقانەی کە لە بەندیخانەکاندا بۆ ئەم مەبەستە لە لایەن وەزارەتەوە دانراون یان لە رێگای بەرێوەبەرایەتییەکانی مافی مرۆڤ لە شار و شارۆچکەکاندا، لەم رووەوەش بەشی سکاڵا کاری پێویستی بۆ ئەنجامداون لە رێگای ئاراستە کردنی نوسراوی فەرمی بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان و سەردانیکردنیان و بەدواداچوونی پێویست.

لەم سکاڵایانەش (٥٣) سکاڵای راستەوخۆ ئاراستەی وەزارەت کراوە و (١٦) سکاڵا لە لایەن بەرێوەبەرایەتیەکانی مافی مرۆڤەوە کاری پێویستیان بۆ ئەنجام دراوە لە سنوری کاروچالاکیەکانی خۆیاندا کە بەرێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی چەمچەماڵ (١٠) سکاڵای هەبوو و بەرێوەبەرایەتی زاخۆ (٣) سکاڵا و بەرێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی شارەزوور (٢) سکاڵا و بەرێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی رانیە (١) سکاڵایە و زۆربەی سکاڵاکان کێشەی تەندروستی یە کە بریتی بوو لە (١٨) سکاڵا و کێشەی زیندانی (١٤) سکاڵا و کێشەی یاسایی و کێشەی کارگێری هەر یەکە و (٥) سکاڵا و کێشەی دیاری کردنی چارەنووس (٤) سکاڵا و کێشەی هەژاری(٣) سکاڵا و کێشەی خێزانی و کێشەی پێشێلکاری و کێشەی ئاوارەیی و کێشەی خانوو بەرە و کێشەی خانونشینی هەر یەکە (٢) سکاڵا بوو و کێشەی وون بوون و کێشەی پەنابەری کورد لە نەرویج و کێشەی گواستنەوەی فۆرمی خۆراك و کێشەی وەرگرتنەوەی تەرم و وەفاتنامە و کێشەی گەڕانەوەی فەرمانبەر و کێشەی خوێندن و کێشەی بێ ئاوی و کێشەی شەهید و کێشەی کۆمەلایەتی و کێشەی ئابووری و ژینگەیی، هەر یەکە (١) سکاڵا بوو کە لە دووتۆی ئەم راپۆرتەدا جۆری سکاڵاکە وناوی سکاڵاکار لە خشتەیەکدا بلاو دەکەینەوە و هەموو سکاڵاکانیش لە بەشی سکاڵا پارێزراون.

**وەڵامدانەوەی نووسراوەکان:**

١- نوسراوی سەرۆکایەتی داواکراوی گشتی ژمارە(٣٨٠) لە٢٠٠٩/٤/٨ سەبارەت بەسکاڵای هاوڵاتی (د.ا.ه) کە ئاراستەی وەزارەتی (داد) بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیەکان کراوە.

٢- نوسراوی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١١٦) لە ٢٠٠٩/٤/١٦ سەبارەت بەخەرج کردنی مووچەی تایبەتی مانگانە بەبڕی (١٠٠) هەزاردینار بۆ هاوڵاتی (ر.ز.س).

٣- نوسراوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس/ فەرمانگەی یاسایی ژمارە (٤٤٩٦) لە ٢٠٠٩/٤/٢١ سەبارەت بە بڕیاری داخستنی پەراوی لێکۆلینەوە لەکێشەی هاوڵاتی (ی.ن.ع).

٤- نوسراوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس ژمارە (٢٩٥٥) لە ٢٠٠٩/٣/١٢ کەئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەولێر کراوە سەبارەت بەکێشەی داڵدەدانی نەخۆشێکی دەروونی بەناوی (ص) ب.گ.پۆلیس بەنوسراویان ژمارە (٦٤٣٥) لە٢٠٠٩/٦/٤ وەڵامیان داینەوە کەنەخۆشەکە دیار نییە.

٥- نوسراوی (حکومة اقلیم کردستان /ممثلیة بغداد) ژمارە (٥٦٣) لە ٢٠٠٩/٤/١٥ سەبارەت بەکێشەی (کنیسة الاتحاد المسیح) کەئاراستەی وەزارەتی دارایی بەغداد کراوە.

٦- نووسراوی وەزارەتی هەرێم بۆکاروباری (ناوخۆ) ژمارە (٤٩٠٢) لە ٢٠٠٩/٤/١٢ سەبارەت بە بەکێشەی دەستگیر کراو (ا. م.ف).

٧- نوسراوی وەزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم ژمارە (٣٠٤) لە٢٠٠٩/٤/٢٠ سەبارەت بەکێشەی هاوڵاتی (ه.ع.ع).

٨- نووسراوی ئەمینداریێتی گشتی ئەنجومەنی وەزیرانی بەغداد ژمارە (٦٥٩) لە ٢٠٠٩/٥/٥ سەبارەت بە بە (أعفاء) کردنی کێشەی (کنیسة الآتحاد المسیحی) لەباجی گومرگ کەبەنوسراوی وەزارەتی دارایی دەستەی گشتی باجەکان ژمارە (١٠٥٥) لە٢٠٠٩/٤/٣٠ کە ئاراستەی ئەمینداریێتی ناوبراو کرابوو و کەنیسەی ناوبراو عەفووکرا لەباجی گومرگی.

٩- نوسراوی (حکومەتی هەرێمی کوردستان نوێنەرایەتی بەغداد ژمارە (٨٢٧) لە٢٠٠٩/٥/٣٠ کەئاراستەی نوێنەرایەتی هەرێمی کرودستان لەوەزارەتی ناوخۆی بەغداد کراوە سەبارەت بەلێکۆڵینەوە لەکێشەی هەردوو هاوڵاتی (١- پ.س.ص ٢- ی.ج.ق).

١٠- نوسراوی وەزارەتی ناوخۆ ب/گشتی دیوان ژمارە (٨٧٩٠) لە٢٠٠٩/٦/١٧ کەئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس کراوە بەمەبەستی دەستگیرکردنی تۆمەتبار (ص.ص.م)

١١- نوسراوی وەزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم/ب.گشتی ناوچە دابراوەکان ژمارە (٤٧٥) لە ٢٠٠٩/٦/١٧ سەبارەت بەگواستنەوەی فۆرمی خۆراکی هاووڵاتی (ج.ك.ر) و(ك.ر.م) کەگواستنەوەی لە کەرکوکەوە بۆ هەولێر بەپێی رێنماییەکان راگیراوە.

١٢- نوسراوی وەزارەتی ناوخۆ ب/گشتی دیوان- ب.یاسایی ژمارە (٨١٧٣) لە٢٠٠٩/٦/٨ کەئاراستەی بەرێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس کراوە بەمەبەستی لێکۆلینەوە لەسەر کێشەی (هەرچوار قوتابی زانکۆی صلاح الدین)

١- ی.م.ح.ع
٢- ك.ا.ع
٣- ن.ح.ی
٤- ب.ر.ا

بۆ ئەنجام دانی کاری پێویست.

١٣- نوسراوی وەزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم/ب.گشتی دەرکراو و راگوێزراوان ژمارە (٥٨٠) لە ٢٠٠٩/٥/٤ سەبارەتبەسکالای هاولاتی (م.ع.م)
١٤- نوسراوی (حکومەتی هەرێمی کوردستان) نوێنەرایەتی بەغدا ژمارە (٧٥٠) لە٢٠٠٩/٥/١٩ سەبارەت بەسکالای هاولاتی (ح.ح.خ).

١٥-نوسراوی وەزارەتی تەندروستی ژمارە (٤٣٢٣) لە ٢٠٠٩/٤/٢٩ سەبارەت بە چارەسەرکردنی هاولاتی (د.ت.ع).

## خشتەی سکاڵاکانی سێ مانگی (٤ و ٥ و ٦) ٢٠٠٩ وەزارەتی مافی مرۆڤ

| ژ | ناوی سکاڵاکار | ناوی کەسی مەبەست | جۆری سکاڵا | ژمارەکان | کاری پێویستی ئەنجام دراو | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | د.ا.ه | ــــــــ | یاسایی | | نووسراوی فەرمیمان بەژمارە(٥٥٧) لە ٢٠٠٩/٤/٦ ئاراستەی سەرۆکایەتی داواکاری گشتی کردووە بەمەبەستی چارەسەرکردنی سکالاکەی بەپێی یاسا و بەنووسراویان ژمارە (٣٨٠) لەرێکەوتی ٢٠٠٩/٤/٨ سکاڵاکەیان ئاراستەی وەزارەتی داد *ب.پەیوەندیەکان کردوە بەمەبەستی ناردنی بۆ ئەنجومەنی دادوەری بۆیەکلاکردنەوەی کێشەکەی | |
| ٢ | ع.م.س | دوو منداڵی کوڕەکەی | کێشەی خێزانی | | وەڵامی ب/گشتی کاروباری مافی مرۆڤ بۆسکاڵاکار ئەوە بوو کە دابینکردنی خانوو لەدەسەڵاتی وەزارەتی مافی مرۆڤ نییە سکاڵاکار دەتوانێت سەردانی لایەنی پەیوەندیدار بکات بۆچارەسەرکردنی کێشەکەی | |
| ٣ | أ.م . أ | م.أ.م | کێشەی تەندروستی | | نووسراوی فەرمیمان بەژمارە(٥٩٩) لە ٢٠٠٩/٤/١٣ ئاراستەی وەزارەتی تەندروستی ب.گشتی کاروباری تەندروستی کرد بەمەبەستی هاوکاری کردن وچارەسەرکردنی نەخۆشی کوڕەکەی ولەئەنجامدا وەزارەتی تەندروستی بەبڕی ٢٥٠٠٠٠دووسەدوپەنجا هەزاردینار یارمەتی سکاڵاکاریان دا. | |
| ٤ | ك.ج.ج | ١- ب.ك. ج<br>٢- م.ك.ج | کێشەی تەندروستی | | نووسراوی فەرمیمان بەژمارە (٦١١) لە ٢٠٠٩/٤/١٥ ئاراستەی وەزارەتی تەندروستی ب.گشتی کاروباری تەندروستی کرد بەمەبەستی هاوکاری کردنی هەردوو نەخۆشەکە. | |
| ٥ | م.ف.ع | ــــــــ<br>ــ | کێشەی تەندروستی | | نووسراوی فەرمیمان بەژمارە(٨٣١) لە ٢٠٠٩/٦/٣ ئاراستەی بنکەی تەندروستی ئابلاخ ڕێکخراوی (Heat Land) کرد بەمەبستی هاوکاری و چارەسەرکردنی . | |
| ٦ | غ.ا.ر | | کێشەی هەژاری | | نووسراوی فەرمیمان بەژمارە(٧٠١) لە ٢٠٠٩/٥/٤ ئاراستەی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ب.گ.چاودێری گەشەپێدانی کۆمەلایەتی کرد بەمەبەستی بڕینەوەی مووچەی مانگانە بۆی، وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلایەتی ـیش ب.گ.کارگێری وکۆمەلایەتی نووسراویان ژمارە (١٤٦٦) | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | له‌٢٠٠٩/٥/٢٦ ئاراسته‌ی سه‌رۆكایه‌تی ئه‌نجومه‌نی وه‌زیران/سه‌رۆكایه‌تی دیوان كرد به‌مه‌به‌ستی برینه‌وه‌ی مووچه‌یه‌كی مانگانه بۆی له‌سه‌ر بودجه‌ی ب.چاودێری وگه‌شه‌پێدانی كۆمه‌لآیه‌تی له‌هه‌ولێر. | |
| ٧ | ع.ع.خ | ج.ع.خ | كێشه‌ی یاسایی | | نووسراوی فه‌رمیمان به‌ژماره (٦٦١) له ٢٠٠٩/٤/٢٦ ئاراسته‌ی ب.مافی مرۆڤی دهۆك كرد به‌مه‌به‌ستی هاوكاری كردنی. | |
| ٨ | ر.أ.م.ص | گ.و.ر | كێشه‌ی ته‌ندروستی | | نووسراوی فه‌رمیمان به‌ژماره (٧١٣) له ٢٠٠٩/٥/٦ ئاراسته‌ی ب.گ.كاروباری ته‌ندروستی كرد به‌مه‌به‌ستی چاره‌سه‌ركردنی له‌یه‌كێك له نه‌خۆشخانه‌كانی هه‌ولێر. | |
| ٩ | ح.ر.ا | ن.ر.ا | كێشه‌ی ته‌ندروستی | | نووسراوی فه‌رمیمان به‌ژماره(٧١٤) له ٢٠٠٩/٥/٦ ئاراسته‌ی بنكه‌ی ته‌ندروستی ئابلاخ رێكخراوی (Heat Land)ی ئه‌مریكی له‌سلێمانی كرد به‌مه‌به‌ستی هاوكاری وچاره‌سه‌ركردنی نه‌خۆشه‌كه وبه‌رێوبه‌ری گشتی كاروباری ته‌ندروستی نوسراوی فه‌رمییان به‌ژماره (٥٢٠٦) له‌٢٠٠٩/٥/٢١ ئاراسته‌ی فه‌رمانگه‌ی ته‌ندروستی سلێمانی كردووه به‌مه‌به‌ستی هاوكاری و چاره‌سه‌ركردنی نه‌خۆشه‌كه. | |
| ١٠ | خ.ق.ر | ن.ح.ط | كێشه‌ی ته‌ندروستی | | نووسراوی فه‌رمیمان به‌ژماره(٧٤٢) له ٢٠٠٩/٥/١٤ ئاراسته‌ی نه‌خۆشخانه‌ی فێركردن له‌هه‌ولێر به‌شی راوێژكاری ده‌روونی منداڵ كرد به‌مه‌به‌ستی هاوكاری و چاره‌سه‌ركردنی نه‌خۆشه‌كه. | |
| ١١ | ١- ی.م.ح.ص<br>٢- ك.أ.ع<br>٣- ن.ج.ی<br>٤- ب.ر.أ | | كێشه‌ی پێشێلكاری | | نوسراوی فرمیمان به‌ژماره (٧٤٧) له‌٢٠٠٩/٥/١٤ ئاراسته‌ی وه‌زاره‌تی ناوخۆ/ب.گ.دیوان كرد وه وێنه‌یه‌ك له‌و نوسراوه‌مان ئاراسته‌ی وه‌زاره‌تی خوێندنی بالآ وتوێژینه‌وه‌ی زانستی/ ب.گ.دیوان كرد له‌گه‌ل وێنه‌یه‌كی تری نووسراومان ئاراسته‌ی هه‌ریه‌ك له‌زانكۆی (صلاح الدین ) هه‌ولێر و به‌رێوه‌به‌رایه‌تی گشتی ئاسایش كرد به‌مه‌به‌ستی لێكۆلینه‌وه له‌كێشه‌كه و ئه‌نجامدانی كاری پێویست بۆ چاره‌سه‌ركردنی له‌وه‌لآمدا وه‌زاره‌تی ناوخۆ/ب.گ.دیوان نوسراویان ژماره (٨١٧٣) له‌٢٠٠٩/٦/٨ ئاراسته‌ی پۆلیس كرد به‌مبه‌ستی لێكۆلینه‌وه له‌سه‌ر بابه‌ته‌كه. | |
| ١٢ | غ.ا.ا | ب.ص.ع | كێشه‌ی وون بوون | | سكالآكه له‌رێگای ب. گ.كاروباری مافی مرۆڤه‌وه دراوه‌ته به‌شی به‌ندیخانه‌كان له‌وه‌زارەت به‌مه‌به‌ستی ئه‌نجامدانی كاری پێویست. | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٣ | ی.ا | | کێشەی (٧) پەنابەری کورد لەنەرویج) | | نووسراوی فەرمیمان بەژمارە (٧٤١) لە١٣/٥/٢٠٠٩ ئاراستەی فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوە کرد بەمەبەستی هاوکاری کردنی وەکیلی(٧) حەوت سکاڵاکارەکە بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان. | |
| ١٤ | ر.ل.م.ر | ـــــــ - | کێشەی هەژاری | | نوسراوی فەرمیمان بەژمارە (٧٧١) لە١٨/٥/٢٠٠٩ ئاراستەی وەزارەتی تەندروستی ب.گ.کاروباری تەندروستی کرد بەمەبەستی هاوکاری کردنی نەخۆشەکە بۆکڕینی دەرمانەکانی و وێنەیەك لەهەمان نوسراومان ئاراستەی ب.گشتی چاودێری وگەشەپێدانی کۆمەڵایەتی کرد بەمەبەستی هاوکاری کردنی سکاڵاکار بەبڕینەوەی موچەی مانگانە بۆی . | |
| ١٥ | ف.م.ش.م | | کێشەی کارگێری | | بۆچارەسەرکردنی کێشەکەی لە١٩/٥/٢٠٠٩ پەیوەندیمان کرد بە ب.کارگێری لەدەستەی گشتی پێوانە سازی و کۆنترۆڵی جۆری سەربەوەزارەتی (پلان دانان) بۆچارەسەرکردنی کێشەکەی و ئەوانیش ئامادەیی هاوکاری کردنی سکاڵاکاریان دەربڕی. | |
| ١٦ | ج.ك.ر | ـــــــ | کێشەی گواستنەوەی فۆرمی خۆراك لەکەرکوکەوە بۆ هەولێر | | نوسراوی فەرمیمان بەژمارە (٨٣٥) لە٣/٦/٢٠٠٩ ئاراستەی وەزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم/ب.گ.ناوچەدابڕاوەکان کرد بەمەبەستی گواستنەوەی فۆرمی خۆراکی سکاڵاکار و باوکی لەکەرکوکەوە بۆ هەولێر. | |
| ١٧ | خێزانی شەهید م.أ.ع | م.أ.ع | وەرگرتنەوەی تەرم ووەفاتنامە | | نوسراوی فەرمیمان بەژمارە (٥٤٠) لە ٢/٤/٢٠٠٩ ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی دهۆك کرد بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەی کەسوکاری شەهید (محمد علی) بۆ وەرگرتنەوەی تەرمەکەی و وەفاتنامەکەی بەپێی نوسراوی وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراق/دائرە الشؤون الانسانیه ژمارە (٨٨١) لە١٨/١/٢٠٠٩ | |
| ١٨ | م.ع.م | | کێشەی کارگێری | | نوسراوی فەرمیمان بەژمارە (٦١٥) لە ١٥/٤/٢٠٠٩ ئاراستەی وەزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم /ب.گ.دەرکراو و ڕاگوێزراوان کرد بەمەبەستی لێکۆڵینەوە وچارەسەری کێشەکەی بەپێی یاسا ورێنماییەکانی وەزارەتی ناوبراو بەنوسراویان ژمارە (٥٨٠) لە٤/٥/٢٠٠٩ ئاگاداریان کردینەوە وەزارەتمان | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | بەژمارە ( ٨٨١) لە٢٠٠٩/٦/١١ بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی (ڕانیەمان ) ئاگادارکردەوە بەنووسراوەکەی . | |
| ١٩ | هـ.ع.ع | | کێشەی کارگێری | | نوسراوی فەرمیمان بەژمارە (٦١٢) لە ٢٠٠٩/٤/١٥ ئاراستەی وەزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم /ب.گ.دیوان کرد بەمەبەستی سەرنج دان لەداواکاریەکەی ولەئەنجامدا وەزارەتی ناوبراو بە نوسراویان ژمارە (٣٠٤) لە٢٠٠٩/٤/٢٠ وەڵامیان داینەوە ،وئێمەش سکاڵاکارمان ئاگادارکردەوە لەرێگای ب.م.م.سلێمانی بەنوسراومان ژمارە (٦٧٠) لە ٢٠٠٩/٤/٢٨ | |
| ٢٠ | د.ت.ع | | کێشەی تەندروستی | | نوسراوی فەرمیمان بەژمارە (٦١٤) لە ٢٠٠٩/٤/١٥ ئاراستەی وەزارەتی تەندروستی /ب.گ/کاروباری تەندروستی کرد بەمەبەستی چارەسەر کردن و داڵدەدانی ، وەزارەتی ناوبراو نوسراویان ژمارە (٤٣٢٣) لە٢٠٠٩/٤/٢٩ ئاراستەی رێکخراوی (Heat Land )ی ئەمریکی لەسلێمانی کرد بەمەبەستی چارەسەرکردنی نەخۆشیەکە | |
| ٢١ | م.ح.ع | | کێشەی ئاوارەیی | | نوسراوی فەرمیمان بەژمارە (٦٢٩) لە ٢٠٠٩/٤/١٩ ئاراستەی وەزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم /ب.گ.ئاوارەکان کرد بەمەبەستی هاوکاری کردنی . | |
| ٢٢ | س.م.ع | | کێشەی گەڕانەوەی فەرمانبەر | | نوسراوی فەرمیمان بەژمارە (٦٦٣) لە ٢٠٠٩/٤/٢٦ ئاراستەی بەرێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی سلێمانی کرد بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەی سکاڵاکار بەبڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٧٠٦) لە٢٠٠٧/٧/٩ کەگەڕانەوەی فەرمانبەران راگیراوە. | |
| ٢٣ | هـ.ك.ح.ك | | کێشەی خوێندن | | نوسراوی فەرمیمان بەژمارە (٦٦٥) لە ٢٠٠٩/٤/٢٧ ئاراستەی دەستەی باڵای پەیمانگاکان کرد بەمەبەستی هاوکاری کردنی خوێندکارەکە. | |
| ٢٤ | ح.م.ف | | کێشەی زیندانی بەندیخانەی سوسێ | | نوسراوی فەرمیمان بەژمارە (٦٧١) لە ٢٠٠٩/٤/٢٨ ئاراستەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان/مەکتەبی مافی مرۆڤ کرد بەناردنی سکاڵاکە وئاگادارکردنەوەیان کەئەو بەندیخانەیە لەسنوری دەسەڵاتی وەزارەتمان دا نیە. | |
| ٢٥ | ا-پ.س.ص ی.ج.ق | | کێشەی پێشێلکاری | | نوسراوی فەرمیمان بەژمارە (٦٩٩) لە ٢٠٠٩/٥/٤ بەزمانی عەرەبی ئاراستەی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەغداد کرد بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەی لایەنە بەرپرسەکان لەو پێشێلکارییانەی | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | کەبەرامبەر ئەو دوو راگیراوە لەفرۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەغداد کرابوو ونوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە بەغداد بەنوسراویان ژمارە (٨٢٧) لە٢٠٠٩/٥/٣١ ئاراستەی نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان لە وەزارەتی ناوخۆی بەغدادی کرد بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست لەبارەیەوە. | |
| ٢٦ | ص.ص.ق | | کێشەی خانووبەرە | نوسراوی فەرمیمان بەژمارە (٨٠٠) لە ٢٠٠٩/٥/٢٧ ئاراستەی بەرێوەبەرایەتی شارەوانی سلێمانی کرد بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکەی. | |
| ٢٧ | چ.م.ح | | کێشەی خانووبەرە | نوسراوی فەرمیمان بەژمارە (٨٠٢) لە ٢٠٠٩/٥/٢٧ ئاراستەی بەرێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی سلێمانی کرد بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەی سکاڵاکار بەبڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٧٣٠٤) لە ٢٠٠٨/٦/٨ کەتەرخان کردنی زەوی راگیراوە. | |
| ٢٨ | ی.ش.ع | | کێشەی خانەنیشینی | نوسراوی فەرمیمان بەژمارە ( ٨٨٣ ) لە ١١/ ٢٠٠٩/٦ ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆ ب.گ.دیوان کرد بەمەبەستی بەدواداچوون و چارەسەرکردنی کێشەکەی. | |
| ٢٩ | م.أ | گ.ن.ع | کێشەی دیاری کردنی چارەنووس | نوسراوی فەرمیمان بەژمارە ( ٨٨٥) لە ٢٠٠٩/٦/١١ ئاراستەی فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی هەرێم کرد بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست. | |
| ٣٠ | ا-س.ح.ر<br>ب- ع.ح | ا-ش.ح.ر<br>ب- ع.ح | کێشەی دیاری کردنی چارەنووس | نوسراوی فەرمیمان بەژمارە ( ٨٨٤ ) لە ٢٠٠٩/٦/١١ ئاراستەی فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی هەرێم کرد بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست. | |
| ٣١ | بنەماڵەی س.ت.ت | س.ت.ت | کێشەی دیاری کردنی چارەنووس | نوسراوی فەرمیمان بەژمارە ( ٨٩١ ) لە ٢٠٠٩/٦/١١ ئاراستەی فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی هەرێم کرد بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست. | |
| ٣٢ | ح.ع.ح | م.ع.ح | کێشەی دیاری کردنی چارەنووس | نوسراوی فەرمیمان بەژمارە ( ٨٨٢ ) لە ٢٠٠٩/٦/١١ ئاراستەی فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی هەرێم کرد بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست. | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣٣ | م.ح.ع | | کێشەی تەندروستی | | سکاڵاکار ئاگادار کرایەوە لەلایەن ب.گ.کاروباری مافی مرۆڤەوە کەوا هاوکاری مادی ڕاگیراوە ولەدەسەڵاتی وەزارەتمان نی یە کەهاوکاری هاوولاتی بکەین بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران. | |
| ٣٤ | ئ.ح.و | م.س.ا | کێشەی زیندانی | | کێشەی زیندانی لەگەڵ زیندانی تردا لەناو بەندیخانە پەیوەندی بەڕێنماییەکانی ئیدارەی بەندیخانەوە هەیە لەدەسەڵاتی ئێمە نی یە کاری لەسەر بکەین. | |
| ٣٥ | ف.و.ر | م.ر.س | داوای مۆڵەتی کاتی بۆ زیندانی | | نوسراوی فەرمیمان بەژمارە (٧٨٧) لە٢٠٠٩/٥/٢٤ ئاراستەی ب.گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی کرد بەمەبەستی پێدانی مۆڵەتی کاتی. | |
| ٣٦ | س.م.م | | کێشەی شەهید | | نوسراوی فەرمیمان بەژمارە ( ٩٧٨ ) لە ٢٠٠٩/٦/٢٦ ئاراستەی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان کرد بەمەبەستی هاوکاری کردنی سکاڵاکار. | |
| ٣٧ | ا.ص.ع | | کێشەی ئاوارەیی | | نوسراوی فەرمیمان بەژمارە ( ٩٨٤ ) لە ٢٠٠٩/٧/١ ئاراستەی وەزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم ب.گ. دەرکراو و ڕاگوێزراوان کرد بەمەبەستی هاوکاری کردنی. | |
| ٣٨ | ك.ح.ر | | کێشەی تەندروستی | | نوسراوی فەرمیمان بەژمارە ( ٩٨٠ ) لە ٢٠٠٩/٦/٢٩ ئاراستەی فەرمانگەی گشتی تەندروستی سلێمانی کرد بەمەبەستی ئەنجامدانی نەشتەرگەری بۆی. | |
| ٣٩ | ا.ا.ع | | کێشەی تەندروستی | | نوسراوی فەرمیمان بەژمارە ( ٩٨٦ ) لە ٢٠٠٩/٧/١ ئاراستەی وەزارەتی تەندروستی ب.گ.کاروباری تەندروستی کرد بەمەبەستی چارەسەرکردنی نەخۆشەکە. | |
| ٤٠ | ه.ی.ع | | کێشەی زیندانی | | نوسراوی فەرمیمان بەژمارە (٩٤٠) لە٢٠٠٩/٦/٢٢ ئاراستەی ب.گشتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان کرد بەمەبەستی لێکۆڵینەوە وچارەسەرکردنی کێشەکە بەپێی ڕێنماییەکان. | |
| ٤١ | ١- م.م<br>٢- ن.ج<br>٣- ا.ر<br>٤- م.س | | کێشەی بێ ئاوی | | نوسراوی فەرمیمان بەژمارە (٩٤٣) لە ٢٠٠٩/٦/٢٢ ئاراستەی وەزارەتی شارەوانی ب.گشتی ئاو ئاوەڕۆکان کرد بەمەبەستی چارەسەر کردنی کێشەکەیان. | |
| ٤٢ | ١- س.ا تاکو ژمارە (٧) حەوت ٧- | | کێشەی مووچەی خانەنیشین | | نووسراوی فەرمیمان بەژمارە (٩٥٣) لە ٢٠٠٩/٦/٢٣ ئاراستەی وەزارەتی دارایی/ب.گشتی دارایی- ژمێریاری- داراسات و لێکۆڵینەوە کرد بەمەبەستی داراسەکردن و لێکۆڵینەوە لەسکاڵاکەیان و | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | ش.م.ع | | | چارەسەرکردنی. | |
| ٤٣ | ا.ص.ر | س.ص.ر | کێشەی تەندروستی | نووسراوی فەرمیمان بەژمارە ( ٩٦٧) لە ٢٠٠٩/٦/٢٨ ئاراستەی بنکەی تەندروستی ئابلاغ ڕێکخراوی هێرتلاندی ئەمریکی کرد بەمەبەستی هاوکاری و چارەسەرکردنی. | |
| ٤٤ | ر.ن.ج | | کێشەی زیندانی | ئاگاداری سکالاکارمان کردۆتەوە کەوا (دەست وەرنادەین لەکاری دادگا). | |
| ٤٥ | ع.ا.ع | | کێشەی زیندانی | سکالاکارمان ئاگادارکردۆتەوە کەوا (مامەڵە لەگەڵ حوکم دراو بەگوێرەی یاسایە هەڕەشە لەهیچ بەندکراوێکیش وەرناگیرێت. | |
| ٤٦ | م.ع.ب | | کێشەی زیندانی | ئاگاداری سکالاکارمان کردۆتەوە کەوا(حوکمەکەی یاساییە ولەگەڵ بڕیاری دادگا داین . | |
| ٤٧ | ف.ن.م | | کێشەی زیندانی | ئاگاداری سکالاکارمان کردۆتەوە کەوا (دەست وەرنادەین لەکاری دادگا). | |
| ٤٨ | ز.ر.ق | | کێشەی زیندانی | ئاگاداری سکالاکارمان کردۆتەوە کەوا (ئێستا هیچ یاسایەك لەبارەی لێبوردنی گشتیەوە بەردەست نی یە بەڵام هەوڵی وەزارەت بەردەوام دەبێت). | |
| ٤٩ | ٣٠ حوکمدراو کەبەناوی (ی.ق.س دەست پێ دەکات وبە ٣٠- پ.م.م کۆتایی دێت) | | کێشەی زیندانی | ئاگاداری سکالاکارانمان کردۆتەوە کەوا (ئێستا هیچ یاسایەك لەبارەی لێبوردنی گشتیەوە بەردەست نیە بەڵام هەوڵی وەزارەت بەردەوام دەبێت). | |
| ٥٠ | د.م.گ | | کێشەی زیندانی | سکالاکارمان ئاگادارکردۆتەوە بە (هەمان وەڵامی سەرەوە لەبارەی لێبوردنی گشتیەوە). | |
| ٥١ | ص.ا.ش | | کێشەی زیندانی | سکالاکارمان ئاگادارکردۆتەوە بە (هەمان وەڵامی سەرەوە لەبارەی لێبوردنی گشتیەوە). | |
| ٥٢ | ی.ج.م | | کێشەی زیندانی | بەشی بەندیخانەکان لەوەزارەتمان لەبەرواری ٢٠٠٩/٦/٢٨ ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی سلێمانی کردۆتەوە بۆ بەدواداچوونی جدی لەکێشەکەی) | |
| ٥٣ | سزادراوانی بەشی (قوورس یەك لەب/چاکسازی گەوران | | کێشەی زیندانی | بەشی بەندیخانەکان لەوەزارەتمان لەبەرواری ٢٠٠٩/٦/٢٨ ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی سلێمانی کردۆتەوە بۆ بەدواداچوونی کێشەکەیان) | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | /سلێمانی) | | | | | |
| ٥٤ | ر.م.ر | | کێشەی تەندروستی | | نوسراوی بۆکراوە بۆلیژنەی پزیشکی چەمچەماڵ و ب/چاودێری کۆمەڵایەتی سلێمانی /ونەخۆشی دەروونی هەبووە بەمەبەستی بڕینەوەی مووچە بۆی | ب.چەمچەماڵ |
| ٥٥ | ن.م.ك | | کێشەی تەندروستی | | نوسراوی بۆکراوە بۆلیژنەی پزیشکی چەمچەماڵ و فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی. | ب.چەمچەماڵ |
| ٥٦ | ص.م.ص | | کێشەی تەندروستی | | نوسراوی بۆکراوە بۆلیژنەی پزیشکی چەمچەماڵ و ب/چادوێری کۆمەڵایەتی کرکوك / بەمەبەستی بڕینەوەی مووچە بۆی | ب.چەمچەماڵ |
| ٥٧ | ب.ح.م | | کێشەی یاسایی | | بەمەبەستی یارمەتی دانی ب/مافی مرۆڤی چەمچەماڵ بەدواداچوونی بۆ کێشەکەی کردووە لەدادگا. | ب.چەمچەماڵ |
| ٥٨ | ن.ح.ح | ب.ن | کێشەی تەندروستی | | نوسراوی بۆکراوە بۆلیژنەی پزیشکی چەمچەماڵ و فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی. | ب.چەمچەماڵ |
| ٥٩ | ا.س.ك | | کێشەی کارگێری | | نوسراوی بۆکراوە بۆ سەرۆکایەتی شارەوانی چەمچەماڵ بۆ مەبەستی هاوکاری کردنی. | ب.چەمچەماڵ |
| ٦٠ | ا.ع.ح | ع.ا | کێشەی تەندروستی | | نوسراوی بۆکراوە بۆلیژنەی پزیشکی چەمچەماڵ و فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی. | ب.چەمچەماڵ |
| ٦١ | ع.ی.ع | | کێشەی تەندروستی | | نوسراوی بۆکراوە بۆلیژنەی پزیشکی چەمچەماڵ و فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی. | ب.چەمچەماڵ |
| ٦٢ | ج.و.ح | | کێشەی کارگێری | | نوسراوی بۆکراوە بۆ کۆمەڵەی زیندانیە سیاسیەکانی کرکوك بەمەبەستی هاوکاری کردنی. | ب.چەمچەماڵ |
| ٦٣ | گ.ج.ك | | کێشەی تەندروستی | | نوسراوی بۆکراوە بۆ فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی بەمەبەستی هاوکاری کردنی. | ب.چەمچەماڵ |
| ٦٤ | ئ.گ | | کێشەی کۆمەڵایەتی | | بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی زاخۆ کێشەکەی گەیاندە دەستی دادگا و ئەو کچەی کە توندو تیژی لەسەربوو درابە سەنتەری توندو تیژی ئافرەتان لەدهۆك. | ب.زاخۆ |
| ٦٥ | ا.ا.ح | ش.ا.ا | کێشەی هەژاری | | بۆ چارەسەری کێشەی هەژاری کەسی مەبەست بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی زاخۆ کێشەکەیان گەیاندە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەڵایەتی لە (دهۆك و) مووچەیەکی مانگانەیان بۆ تەرخان کرد. | ب.زاخۆ |
| ٦٦ | س.ع | | کێشەی یاسایی | | بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی زاخۆ کێشەکەی گەیاندە بەردەستی دادگاو پۆلیس لەدەڤەری زاخۆ بەمەبەستی دەستگیر کردنی تاوانبارەکە . | ب.زاخۆ |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٦٧ | أ-ع.م.ع<br>ب- ا.ك.ا<br>ج-ف<br>و- م | ب.س | کێشەی ئابووری وژینگەیی | | بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی ڕانیە نوسراوی ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی بێتواتە کردووە بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکەیان. | ب.ڕانیە |
| ٦٨ | ج.ع.م | ج.ن | کێشەی خێزانی | | لەبەرواری ٢٠٠٩/٦/١٧ بەدواداچوون بۆ کێشەکە کراوە قسە لەگەڵ مێردەکەی کراوە و چارەسەری کێشەکەی کراوە. | |
| ٦٩ | ئ.ح.ع | | کێشەی یاسایی | | لەبەرواری ٢٠٠٩/٦/٢٩ ڕێنمایی یاسایی پێویستی پێدرا بۆ بەدواداچوونی کێشەی کورەکەی. | |
| | کۆی سکالاکان | | | ٦٩ | سکالا | |

# راپۆرتی بەشی

# رێکخراوەکان

# چالاكی بەشی ڕێكخراوەكان

گرنگترین چالاكی بەشی ڕێكخراوەكان لەوماوەیەدا بریتی یەلە ڕێكخستن و سازكردنی كۆبونەوەی بۆردی ڕاوێژكاری (بۆ ڕێكخراوەكانی بواری مافی مرۆڤ) بە سەرپەرشتی بەڕێز وەزیری مافی مرۆڤ ,كە لە ڕاستی دا ئەوە **شانزە هەمین** كۆبونەوەی بۆردی ڕاوێژكاریە.

لەم كۆبونەوەیەدا جگەلە خوێندنەوەی ڕاپۆتی لیژنەی بەدواداچوون كە تایبەت بو بە جێبەجێكردن وبەدواداچونكردن لەسەر پێشنیارو ڕاسپاردەكانی كۆبونەوەی پێشو. چەند خاڵ و تەوەرەیەك گفتو گۆو باسیان لێوەكرا , كە دەكرێت بەم شێوەیە پوخت بكرێتەوە:

- **ڕەوشی بەندیخانەكان:**

تەوەرەیەكی تری كۆبونەوكە قسەكردن بوو لەسەر بارو ڕەوشی بەندیخانەكان, لەم ڕووەوە وەزارەت بەشێوەیەكی ورد بەدواداچون وبەردەوام سەردانی بەندیخانەكانی كردوەو لەكێشەو سكالاكانی كۆلیوەتەوە, هەر لە نزیكەوە بۆ ئەم مەبەستە بەڕێز خودی وەزیر سەردانی هەردوو بەرێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی هەولێر وسلێمانی كردوە.

دیارەبەبەراورد بەسالانی پێشوو دەردەكەوێت كەبارورەوشی بەندیخانەكان لەهەرێمی كوردستان هەنگاوی باشی ناوە وبەرەوپێشچوەوئامارەكان دەریدەخەن كە ژمارەی بەندكراوان كەم بۆتەوەو زۆربەشیان كێیس ودۆسیەكانیان یەكلایی بۆتەوە.

هەروەها وەزارەت بەنیازە سەردانی بنكەكانی چاكسازی نەوجەوانان بكات بەمەبەستی بە ئاگابون لەرەوشی مرۆییان.

- **ڕاپۆرتی ئەمنستی ویۆنامی**

یەكێكی تر لەتەوەرەكانی تری كۆبونەوەی بۆردی ڕاوێژكاری بریتی بوو لە قسەكردن لەسەر دواین ڕاپۆتەكانی ڕێكخراوی ئەمنیستی ئینتەر ناشنال كەلەژێرناوی ( هیوا وترس مافەكانی مرۆڤ لەهەرێمی كوردستان )و ڕاپۆرتی نێردەی نەتەوەیەكگرتوەكان بۆ هاریكاری عێراق ( یونامی ) كەلەسەر بارورەوشی مافی مرۆڤ بلاویان كردۆتەوە.

لەم ڕووەوە باسی ئەوەكرا كەناوەرۆكی ڕاپۆرتەكەی ئەمنستی و هەروەها زۆربەی حالەت وكێیسەكانی نێو ڕاپۆرتەكە كۆنە وچارەسەركراون, لەگەل ئەوەشدا ڕاپۆرتەكە بەشێوەیەكی ئەكادیمی نوسراوە, وە وەزارەت ڕاپۆرتەكەی پێ باشەو پۆزەتیڤەبەتایبەت توصیەوراسپاردەكان بەهەند وەردەگرێت وهەولدەدات بەجدی كاریان لەسەربكات.

دەبێت ئەوەش بلێین کە ڕاپۆرتەکە ئاماژە بەو کارو هەنگاو دەرکردنی یاسایانە دەکات کەلەهەرێمی کوردستان نراوە بۆباشترکردنی ڕەوشی مافی مرۆڤ.

لەبارەی ڕاپۆرتەکەی یۆنامی یش بەگشتی وەزارەت ڕاپۆرتەکەی پێباشەو هەرچەند کۆمەڵێك ڕاو تێ بینی وسەرنجی لەسەر ڕاپۆرتەکە هەیە.

دیارە لەم کۆبونەوەیەدا کۆمەڵێك سەرنج وپێشنیار خرانەڕوو بۆ ئەوەی وەزارەت کاروبەدواداچونی بۆبکات.